Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(38), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# تایبەتمەندییە خێڵەکییەکانی کەسیەتی کورد •
## (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی)



| |
|---|
| محەمەد ڕەحمان ئەحمەد |
| بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، عێراق |
| ئیمێل: mohammed.rahman.a@su.edu.krd |
| پ.ی.د ئەمین فەرەج شەریف |
| بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، عێراق |
| ئیمێل: amin.sharif@su.edu.krd |





| | | |
|---|---|---|
| ID No. 3491 | Received: 05/01/2025 | وشە کلیلییەکان : |
| (PP 183 - 204) | Accepted: 20/03/2025 | کورد، چیا، خێڵەکی، ئەقلێەت، ڕۆژهەڵاتناسی |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.38.8 | Published:04/06/2025 | |




### پوختە

مێژوونووسان و ڕۆژهەڵاتناسان گرنگی زۆریان بە کەسیەتی کورد داوە، سەرسام بوون بە ئاکار و ڕەفتارەکانی ئەو گەلە، چونکە پێیانوابووە لە گەلێکی دێرین و ڕەسەنی ئەو ناوچەیە و دانیشتوانی ڕەسەنی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس دەکۆڵنەوە. زۆرجاریش سەریان سوڕماوە لە کەسێتی کورد و تووشی سەر لێشێواوی بوون، چونکە لەیەک کاتدا ئاکار و تایبەتمەندی باش و خراپ، ئەرێنی و نەرێنیان لە کورد دیوە، هەم میواندۆست، هەم چەتە و ڕێگر، هەم سۆزدار هەم دڕندە و جەنگاوەر، هەم نیشتیمانپەروەر هەم ناپاک، هەم سەربەخۆخواز هەم ڕازیبوون بە ژێردەستەیی بێگانە... تد کە دەکرێ هەموو ئەوانە بۆ کاریگەری ئاکار و نەریتی خێلەکی بگەڕێنینەوە، کە کەسیەتی تاکی کوردی تووشی جۆرێک لە دژیەک بوون کردۆتەوە.


### پێشەکی

ڕۆژهەڵاتناسی کارێکی گرنگ و پربایەخ بووە، هەرچەندە بەدەر نەبووە لە کەموکوڕی، چونکە هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان ڕەخنەی ئەوەیان لێگیراوە کە بابەتی و ڕاستگۆ نەبوونە لە گواستنەوەی وێنەی نەتەوەکان، بەڵکو زیاتر لە بەرژەوەندی نەتەوە و کیشوەری خۆیان نووسیویانە، خۆیان زۆر بە باڵاتر و نەتەوەکانیتریان بە نزمتر وێناکردووە. هەرچۆنێک بێت، ئەمە ئەوە ناگەێنێ کە کار و بەرهەمی هەموویان نادیدە بگیرێت. ڕۆژهەڵاتناسان چەند بۆ نەتەوە و دەوڵەت و زانکۆکانی خۆیان کاریان کردووەو سودیان گەیاندووە، بەهەمان ئەندازەش، بگرە زیاتر سوودیان بە ئێمە گەیاندووە، بەتایبەتی ئێمەی کورد، کە زۆر کەم، مەگەر تاک و تەرا لە کۆندا مێژووی خۆمان نووسیبێتەوە و گرنگیمان بە ئەرشیفکردنی نەتەوەکەی خۆمان دابێت.

---

• ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە تێزی دکتۆرای قوتابی ( محەمەد ڕەحمان ئەحمەد) بەناونیشانی (خێڵگەرایی و سیاسەت: توێژینەوەیەک دەربارەی کاریگەرییەکانی خێڵگەرایی لەسەر ئەقلێەتی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان)، لە کۆلێژی زانسیە سیاسیەکانی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدەدرێت.

گەڕانەوە بۆ لای کاری کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەر و مێژوونوسانی کۆن، هەر لەم ڕووەوە گرنگ نیە کە ئێمە خۆمان ببینینەوە لە ڕابرووداە، بەڵکو لەم ڕووەشدا گرنگە کە ئێمە خۆمان لە چاوی ئەوانیتردا ببینین، چونکە ڕەنگە مرۆڤ خۆی درک بە خراپی و لاری خۆی نەکات. ئەمە بۆ کۆمەڵگە و نەتەوەکانیش ڕاستە، هەموو کۆمەڵگەیەک بەها و نەریت و ڕێسا کۆمەڵایەتیەکانی خۆی پێ پەسەندە و وەکو خووەک ئەوەندە دووبارەی کردۆتەوە لەسەری ڕاهاتووە، زۆر بە دەگمەن تاک سەرنجی بۆ ئەوە دەچێ کە بیروباوەڕ و بەها چەسپیوەکانی خۆی کە لە کۆمەڵگە و ژینگەکەی خۆی وەریگرتووە بیخاتە بەر نەشتەری پرسیارکردن و گومانکرد، بەڵام کاتێک کەسێکی بیانی دێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ درک بە هەموو ئەو شتانە بکات، کە تایبەتن بە ئێمە و جیامان دەکەنەوە لە ئەوانیتر.

گومانیش لەوەدا نیە کە کۆمەڵگەکانیش وەکو مرۆڤەکان وان، هەم لایەنی ئەرێنی و هەم لایەنی نەرێنیان هەیە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین تایبەتمەندیە خێڵەکیەکانی کەسیەتی کورد باسبکەین لە دیدی ڕۆژهەڵاتناساندا.

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، ئێمە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کەسێتی خۆمان بزانین لە ڕابردوودا، کە تا چەند کاریگەری بۆماوەیی ماوەتەوە لە ئێستاداو، ڕەنگدانەوەی هەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان، بەجۆرێک بتوانین ڕەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیمان پێ شرۆڤە بکەین.

- ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاشنابوونە بە کەسیەتی تاکی کورد و کاریگەری نەریتی خێڵەکی لەسەر رەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی تاکی کورد، ئەمەش لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسانەوە.

- پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، تایبەتمەندیە خێڵەکیەکانی کەسیەتی کورد لە ڕوانگەی کوردناسان و مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسانەوە چۆن باسی لێوەکراوە، چۆن کورد بەم تایبەتمەندیانە لە نەتەوەکانی دەوروبەر جیاکراوەتەوە؟

- ڕێبازی لێکۆڵینەوە: ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر بنەمای ڕێبازی وەسفی و شیکاری ئەنجامدراوە.

- پەیکەری لێکۆڵینەوە: ئەم لێکۆڵینەوەیە، ناوەڕۆکەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە. لە بەشی یەکەم، باس لە پەیوەندی و کاریگەری ژینگەی چیایی دەکەین لەسەر کورد و خێڵەکی بوون. ئەویش لە سێ باس، لەباسی یەکەم، باس لە چیا دەکەین وەک شوناسی کوردان لە ڕابردوودا. لە باسی دووەم، باس لەوە دەکەین کە بۆچی کورد چیاییە. لەباسی سێیەم، باس لە کاریگەری چیا دەکەین لەسەر ڕەنگرێژکردنی ژیانی کوردان. لە بەشی دووەم، باس لە تایبەتمەندیەکانی کەسیەتی کورد دەکەین. ئەویش لە دوو باس، لەباسی یەکەمدا، تایبەتمەندیە ئەرێنیەکانی کەسیەتی کورد دەخەینەڕوو، وەک ئازایەتی و جەنگاوەری، سەربەخۆخوازی، وەفا و دەمارگیری، میواندۆستی. لەباسی دووەمیشدا، تایبەتمەندیە نەرێنیەکان دەخەینەڕوو، وەک ڕێگری و تاڵانی، خۆبەخۆخوازی، ئیرەیی و دووبەرەکی، سۆز و هەڵچوون، شانازی و نماش و خۆهەڵکێش.

## ١.کورد و چیا

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین باس لە پەیوەندی نێوان کورد و چیا بکەین. مەبەستمانە ئەوە دەرخەین کە ژینگەی چیایی چۆن کاریگەری لەسەر شێوازی ژیان و ئەقڵیەتی کورد هەبووە و، بووەتە بەرهەمهێنەری کۆمەڵێک ئەدگار و تایبەتمەندی خێڵەکیانەی کورد و، کەسێتی کوردی لە چوارچێوەداوە، بەجۆرێك کە لە ڕابردوو پێی ناسراوەتەوە و جیاکراوەتەوە لە نەتەوەکانیتری دەوروبەری.

### ١-١ چیا وەک شوناس

پەیوەندی و پەیوەستیەکی پتەو هەیە لە نێوان کورد و چیا. چیا وەک شوناسی کوردان بووە لە سەردەمانی زۆر کۆندا. کاتێک باسیان لە کورد کردووە، مەبەستیان دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس بووە. بەجۆرێک هەندێک لە ئەفسانە و دەقە ئاینیەکان، بوون و سەرهەڵدانی کورد بۆ چیاکان دەگەڕێننەوە. هەردوو پەرتووکی ئاسمانی قورئان و ئینجیل ئاماژەیان بەوە داوە کە کەشتیەکەی پێغەمبەر نوح لەسەر چیای جودی لەنگەری گرتووە، کە زۆربەی مێژووناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە هەمان چیای جودیە کە دەکەوێتە باکوری کوردستان. واتە کوردان لە نەوەکانی پێغەمبەر نوحن.

بۆچوونێک هەیە، ڕیشەی کورد بۆ (مادای ) دەگەڕێنێتەوە، کە یەکێک بووە لە نەوەکانی (نوح). لەم سۆنگەیەوە، ئایینناسی هۆڵەندی (ئێلێن ڤان وۆلد Ellen Van wolde) دەڵێ مادەکان کە کوردبوونە، لە ناوچە کوردیەکانی ئێستا ژیاون، لە مادای نەوەی نوح بە پاشکەوتوون.1

بەگوێرەی ئەفسانەی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەریش، لەسەردەمانی زۆر کۆندا پادشایەکی زۆردار هەبوو، بەناوی زوحاک، تووشی نەخۆشیەکی دەگمەن ببوو، دەبوایە هەموو ڕۆژێک سەری دوو گەنجی بۆ سەر ببڕێت و مێشکیان جوان لە شوێنی برینەکە بدات، ئینجا ئازارەکەی دادەمرکایەوە، بەڵام خزمەتکارەکەی بەزەیی بە خەڵکەکەدا هاتۆتەوە، یەکیانی سەر بڕیوە، ئەویتریانی ناردۆتە چیاکان، لە جیاتی مێشکی ئەو، مێشکی بەرانێکی لەگەڵ تێکەڵکردووە. سەرەنجام، ئەو خەڵکانەی دەچنە نێو کەژ و چیاکان ژمارەیان زۆر دەبێت و نەوە لەدوای نەوە تا زار و زمانێکی تایبەت بەخۆیان دەبێت و پاشان پێیان گوترا کورد، دواجار پلانی ڕاپەڕینێک دادەڕێژن لە دژی پاشا زۆردارەکە، مەشخەڵی ئاگریش دەکەنە هێمای ئاگادارکردنەوەی هێرشکردن و سەرکەوتن.

لە ئەفسانەی جنۆکەکانی پێغەمبەر سولەیمانیشدا، گوایە پێغەمبەر سولەیمان جنۆکەکانی ڕاسپاردووە، تا بچنە ڕۆژئاوا کۆمەڵێک کچی چاوشین و قژ زەردی ڕۆژئاوایی بۆ بێنن، بەڵام لە ڕێگادا، جنۆکەکان حەزیان چووەتە ئافرەتەکان و سەرجێییان لەگەڵ کردوون، ئەویش لێیان تووڕەبووە و دەریکردوون بۆ چیاکانی زاگرۆس، ئیتر لە نەوەی ئەو جنۆکانە کوردەکان پەیدابوونە.

لێرەدا بابەتەکە ڕاستی و دروستی بنچینە و سەرچاوەی ئەم ئەفسانە و چیرۆکە ئایینیانە نیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لێرەدا، لە هەموو چیرۆک و ئەفسانەکان لەبارەی ڕیشەی نەژادی کورد، بوونی کورد پەیوەستکراوە بە چیاکان، وەک ئەوەی کورد نەوەی چیاکانبن، هەر لە چیادا پەیدابووبن و سەریانهەڵدابێ ،کورد هاوشوناسکراوە بە چیاکان.

تەنانەت بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست تەنها بە خەڵکی کۆچەر و ڕەوەندی چیاکانیان دەگوت کورد، هەرچی خەڵکی نیشتەجێی گوند و باژێڕەکان بوو، پێیان دەگوتن گۆران. گۆران سیفەتێک بوو بۆ خەڵکی ئاکنجی و نیشتەجێ، کوردیش سیفەتێک بوو بۆ خەڵکی چیایی. ڕاستە گۆرانەکانیش لە بنچینەدا هەر کورد بوون، بەڵام چونکە لە بنەڕەتەوە کوردبوون پەیوەست بووە بە خەڵکی چیاکان و ڕەوەندەکان، بۆیە لەوکاتتدا کورد بوون زیاتر وەک سیفەتێک بەکاردەهێنرا. بەمانایەکیتر، کوردبوون و گۆرانبوون وەکو دوو چینێکی کۆمەڵایەتی جیاواز گوزارشتیان لیدەکرا.( کوردبوون، چینی ڕەوەند و چیاییەکان- گۆران، چینی نیشتەجێی گوند و باژێڕەکان)2.

بە مانایەکتر، ناوچە شاخاوییەکان زێدی ڕاستەقینەی ئەو کوردە ڕەسەنانەن کە لە بنچینەدا خێڵەکی و ڕەوەندن، پاشان وورده وورده هەندێکیان نیشتەجێی و ئاکانجی بوونە و، بەدرێژای کات جیاوازی شێوازی ژیان و بونیادی ئابووری گۆڕانی کەلتووریشی دروستکردووە وەک دوو چین (ڕەوەند و گۆران)، لە دوایشدا زۆرجار ڕەوەندە خێڵەکیەکان هاتوونەتە خوارەوە دەستیان بەسەر زەوی و زاری گۆرانە نیشتەجێبووەکان داگرتووە و کردوویانن بەژێردەستەی خۆیان.3

### ٢-١ بۆچی کورد چیاییە؟

گەر لەم سێ چیرۆک و ئەفسانەی سەرەوە ووردبینەوە، جگە لەوەی کە هاوبەشن لەوەدا کە بوونی کورد دەگەڕێتەوە بۆ چیاکان، خاڵێکی دیکەی هاوبەشی سەرنجڕاکێشی تێدایە، ئەویش ئەوەیە، کە هۆکاری بوونی کوردەکان لە چیاکان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵهاتن و دەرپەڕاندن و خۆڕزگارکردن لە دەست ستەم، هەوڵی مانەوە لە پێناو ژیان.

---

1ڕۆبێرت ڵ، برێنمان، بەهێز مینا چیاکان، و. عەبدوڵا عەبدوڵا، چاپخانەی مێخەک،٢٠٢٢، ل٥٩ .

2 زرار صديق تۆفيق ، کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤، ل ٥٥

3 مارتن ڤان برۆنەسن، ئاغا و شێخ وەدەوڵەت، و: کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، ل ٢٧٢

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لە چیرۆکی کەشتیەکەی نوح دا، لە پێناو ڕزگاربوون و مانەوە لە ژیان لە چیادا لەنگەریگرتووە. لە چیرۆک و ئەفسانەی کاوە و نەورۆزدا، بە هەمان شێوە هەڵهاتوون بۆ چیاکان لە دژی زوڵم و ستەم پەنایان بۆ چیاکان بردووە. لە چیرۆک و ئەفسانەی پادشا سولەیمانیش دەرپەڕیووەکانن پەنایان بۆ چیاکان بردووە.

لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووریشدا، بە درێژایی چەندین سەدە هەر جارێک ئاشووریەکان هێرش و پەلاماریان بردبایە بۆ سەر ناوچەکانی ماننا و میدیا کە سەرزەمینی کوردان بوون، ئەوا کوردەکان بە خۆیان و ئاژەڵەکانیان پەنایان دەبردە بەر چیاکان و خۆیانیان تێدا حەشار دەدا و پارێزگاریان لە بوونی خۆیان دەکرد.

1 هەروەها لە کاتی تێپەڕبوونی سەرلەشکری گەورەی یۆنانی زینۆفۆن بەخۆی ١٠ هەزار سەربازەوە بە کوردستاندا، کاتێک کارۆدۆخیەکان لەشکری یۆنانیەکانیان بینی یەکسەر بە بەخۆیان و بە ماڵ و منداڵیانەوە ڕایانکردە سەر چیاکان.2

بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاستیش، کە بە کۆچەر و ڕەوەندەکانی ناوچە چیاییەکاندا دەگوترا کورد، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەبوو کە پەنایان بۆ چیاکان بردبوو، کە ئەمانە حوکمی نەتەوەکانی دیکەی وەکو عەرەب و فارس و تورکیان قبوڵ نەبوو، ملکەچی یاسا و ڕێسا سەپێندراوەکانی ئەو وڵاتانە نەدەبوون، کە باجێکی زۆریان بەسەردا دەسەپاندن و دەیانچەوساندنەوە. بۆیە وەکو گرووپێکی یاخی دژە دەوڵەت پەنایان بۆ چیاکان بردبوو، لەوێشەوە دەستیان دەکرد بە زیانگەیاندن بە ئاسایشی ئەو وڵاتانە و هێرشیان دەکردە سەر کاروانە بازرگانیەکان لە تۆڵەدا.

بە هەمان شێوە، لەسەردەمی نوێشدا، لە هەر چوارپارچەی کوردستان، کوردەکان وەکو گرووپی یاخیبوونی چەکداری دژە دەوڵەتی داگیرکار، لە شێوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، پەنایان بۆ چیاکان بردووە. لەوێوە دژایەتی دەوڵەتی داگیرکاریان کردووە. بەردەوام هاتوونەتە خوارەوە هێرشیان کردووە، زیانیان بە دەوڵەتانی داگیرکار گەیاندووە.

تا ئێستاش ئەمە هەر بەردەوامە، کە ڕیشەیەکی درێژی مێژوویی هەیە، وەک ئەوەی ئەمە چارەنووسی کوردان بێت یانیش چەند ڕێککەوتێکی مێژوویی پچڕ پچڕ بێت تایبەت بە سەردەمە جیاوازەکان. ئەم دووبارەبوونەوە و چەندبارە بوونەوەی مێژوویی کورد، خەریکە لە تراژیدیاوە دەگۆڕێ بۆ کۆمیدیا، کە نەتەوەیێک نەتوانێ وانەیەک لە مێژوو و ئەزموون وەربگرێت، بە سەدان ساڵ لە یەک دۆخدا بخولێتەوە و نەتوانێ خۆی لێ دەرباز بکات.

مەیجەر نۆئێل کە ئەفسەرێکی بەریتانی بوو، سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردبوو، لە یاداشتەکانیدا، کاتێک لە شاری (عەنتاب) دەبێت، باس لە خێڵە ڕەوەندە کوردەکان دەکات، کە کاری چەتەیی و ڕێگری دەکەن. پاشان ئەم کارە چەتەگەریەی کوردەکانی بۆ هۆکاری سیاسی گەڕاندۆتەوە، دەڵێ دژی کاربەدەستانی تورک دەیکەن.3

پاشان کە تێبینی ئەوەی کردبوو، کە ژمارەی منداڵان و منداڵ خستنەوە لەلایەن خێڵە ڕەوەندە کوردەکان زیاترە، بە بەراوورد بە کوردەکانی نیشتەجێی گوندەکان و باژێڕەکان. پرسیاری هۆکارەکەی لە گوندنشینان کردبوو، ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان، خێڵە ڕەوەندەکان لە چۆڵەوانیدا بە ئازادانە دەژین، بەمەش باشتر دەتوانن ژنەکانیان بخەنە خێر و خۆشیەوە و زاوزێی زیاتر بکەن، بەڵام لەم دێیەدا ئەم تورکە مەلعونانە ئازادی و سەربەستیان لێ زەوت کردووین.4

پاشان دەڵێ، پێمگوتن پێدەچێ ڕەوەندەکان ئەو ژیانە ئازادانەی خۆیان زۆر خۆشبوێت و بە ئارەزووی خۆیان هەڵیان بژاردبێت، زۆر ئاسوودەبن تێیدا. دەڵێ لە وەڵامدا گوتیان، ڕاستە ژیانی ڕەوەندایەتی هاتوچۆ و ئازادی و کەمێک خۆشی تێدایە بەڵام گەر ئەم تورکانە نەبوونایە، ژیانی ڕەوەندایەتیان هەڵنەدەبژارد و وەکو ئێمە نیشتەجێ دەبوون.5

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە بۆچی کورد چیاییە. ئەو گوزارشتە باوەی نێو کۆمەڵگەی کوردی کە دەڵێ (( تەنها چیاکان دۆستمانن، تەنها چیاکان پشت و پەنامانن))، پەیوەندی قوڵی بە چیابوونی کوردەوە هەیە. یەکێک لەو هۆکارە بەهێزانەی

---

1 دیاکۆنۆڤ ئیگەر میخایلۆفیچ، مێژووی میدیا، و، پێشەوا خالید، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل ٢٩٢

2 زینەفۆن، گەشتەکەی زینەفۆن، و. محمد مسعود محمد، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٠٩

3 مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی میجەر نوئێل لە کوردستان، و. حسین احمد جاف و حسین عسمان، ١٩٨٤ ، ل١٧

4 هەمان سەرچاوە و لاپەڕە

5 هەمان سەرچاوە، ل٢٢

کە کوردی کردووە بە چیایی، زوڵم و ستەمی نەتەوە دراوسێیە داگیرکارەکان بووە. کوردیش لە پێناو مانەوە لە ژیان، ئازادی و سەربەستی، ڕادەستنەبوون بە دووژمن، بەرگری و بەرخودان، بووەتە خەڵکێکی چیایی و ڕەوەند.

### ٣-١ چیا و ڕەنگڕێژکردنی ژیانی کوردان

دەمێکە زۆرێک لە بیرمەند و مرۆڤناسەکان وەک ڤۆن هێردەر، مۆنتیسکیۆ، داروین...هتد باسیان لە پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان ژینگە و بایەلۆجی کردووە. کە ژینگە چۆن کاریگەری هەیە لەسەر بەرهەمێنانی سروشتی مرۆڤەکان و کەلتوور و شێوازی ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیان. چۆن بەرزی و نزمی جوگرافی و ساردی و گەرمی کەش و هەوا، کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ دەبێت.
لەم سۆنگەیەوە، لە زۆرێک لە وەسف و گێرانەوە کۆنەکان بۆ وەسفکردنی ڕەفتاری توندئاژۆیی و دڵڕەقی و کاری ڕێگری و ڕاوڕووتی کوردە چیانشینەکان، گرێدراوە بە کاریگەری چیاکان. پێیانوایە، چیاکان لەشی مرۆڤەکان و تێگەیشتنیان و ڕەفتاریان تووند و زبر و ووشک دەکەن، ئەویش لەژێر کاریگەری ژینگەی ووشک و ڕەقی چیاکان و ئەو هەڵکەوتە جوگرافیایە سەخت و تاقەتپڕوکێنەی کە تیایدا دەژین. چیاکانی کوردان تووش و سەخت و ڕەقەڵانن، بۆیە لانکەی کوردە دڵڕەق و جگەر ئەستوورەکانن.1
گومان لەوەدا نیە کە پێکهاتەیی جوگرافی، ژینگە و کەش وهەوا، کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هێنانەکایەی جۆری نەریت و جلوبەرگ و سیمبوڵ و هێما کۆمەڵایەتیەکان، ئارەزوو و سەلیقە، شێوازی ئابووری و جۆری پیشە، شێوازی سیستەمی سیاسی و ئەقڵیەتی فەرمانڕەوایەتی.
ناوچەی چیاکان، کە کوردان تێیدا ژیاون، بەهۆی سەختی و بەرز و نزمیەکەی یارمەتیدەر نەبووە بۆ دروستکردنی شار و باژێر و کۆبوونەوەی خەڵکانێکی زۆر، یاخود خەڵکانێکی بیانی و ڕێبوار و بازرگانان پێیدا تێبپەڕن و بمیننەوە و تێکەڵاوی خەلکی جیاوازبن، کارلێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری جیاواز لە نێوانیاندا ڕووبدات و ئاشنایەتی ئەدەب و هونەر و شارستانیەتەکانی دیکە بن.
ئەمەش وا دەکات کە لەڕووی کەلتووری و ڕۆشنبیریەوە تەواو بەسەرخۆیاندا دابخرێن و لە بازنەیەکی داخراوی خۆیاندا بژین، تەواو دەمارگیر و هاوپەیوەستبن بەیەکەوە، بە نامۆییش سەیری هەموو کەس و گەل و هۆز و خەڵکانێکی دەرەوەی خۆیان بکەن، تەنانەت هۆز و خێڵە کوردەکانی دیکەش. بۆیە هیچ سڵیان نەکردۆتەوە لە ڕێگری و هێرش و پەلاماردانی ئەوانی دیکەی دەرەوەی بازنەی خۆیان.
هەروەها بوونی چیاکان ڕێگربووە لەبەردەم پەرەسەندنی هونەری بیناسازی و دروستکردنی قەڵای مەزن وەک پەناگەی بەرگری بەرامبەر بە هێرشی دووژمنان. بۆیە، لەو ناوچانەی کە کوردەکان تیایدا ژیاون بەتایبەت لەسەردەمی میدیەکاندا، چونکە "مێژوویی شەڕەکانی میدیا دژی ئاشووریەکان پێمان دەڵێت کە میدیەکان زۆر بە دەگمەن پشتیان بە هێزی قەڵاکانیانەوە بەستووە"2. ئەمەش بە ئەگەرێکی زۆر بۆ پشتبەستنی کوردەکان بە چیاکان دەگەڕێتەوە.
لەلایەکی دیکە، سەختی و ناڵەباری خاك و کەش وهەوای ناوچە چیاییەکان، ڕێگربووە لە کاری کشتوکاڵی و زۆرکردنی بەرهەم و هێنانەکایەی پیشەی جۆراو جۆر، تاوەکو بتوانن نیشتەجێ و ئاکنجی ببن، ئابوورییەکی پشتبەخۆبەستوویی بهێننەکایەوە. ئەم سنورداریەی کار و بەرهەمیش دووچاری ژیانێکی سەخت و تاقەت پڕوکێنی کردوونەتەوە. بۆیە، لە پێناو مانەوەیان لە ژیان و دابینکردنی پێداویستیەکانیان، بەردەوام چاویان بڕیوەتەوە کاروانە بازرگانیەکان و هێرشکردنە سەر خەڵکانی گوندنشین، دەستیان داوەتە ڕێگری و تاڵانکردنیان. لە ئەنجامدا چەتەیی، ڕێگری، پەلاماردان، تاڵانکردن، ببووە بەشێک لە شێوازی ژیان و کەسابەتیان. 3

---

1 زرار، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩
2دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٣٦
3 ب. ليرخ " دراسات حول الاكراد"، ت: عبدي حاجي، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة خاني- حلب، ١٩٩٤، ص٢٣

هەڵبژاردنی ئەم شێوازە ژیانە، زیاتر لەگەڵ سروشتی سەربەخۆخوازی کوردەکان دەگونجێت، ڕاستە لەناوچە دەشتاییەکان و گوند و باژێرە نیشتەجێبووەکان، کە جوتیار و وەرزێر کاریان تێدا دەکرد، بەرهەم زیاتربوو بەبەراوورد بە ناوچە چیانشینەکان، بەڵام جوتیار و وەرزێرە نیشتەجێکان لەو سەردەمە زیاتر وەک کۆیلەی زەوی بوون لەژێر دەستی ئاغا و دەسەڵاتدارەکان. هەروەک (بڕۆنەسن) دەڵێ ئەو جووتیارانەی لە ناوچە شاخاویەکانن خاوەنی ئەو زەویەن کە دەیچێنن و کشتوکاڵی تێدادەکەن، بەڵام لە ناوچە دەشتاییەکاندا هی خۆیان نیە، بەڵکو بۆ خاوەن زەویەکان کاردەکەن.1

هەر بۆیە جوتیاری و وەرزێری و نیشتەجێبوون لای کوردەکان شەرم و نەنگی بووە.2 لە ئێستاشدا زۆر جار بە تانە و سوکایەتیەوە بە کەسێک دەڵێن (کرمانج)*، کرمانج واتە ئەو کوردانەی کە لە شوێنی خۆیان مانەوە و نیشتەجێبوون.3 وەک چۆن لەسەردەمی نوێشدا کوردی مەرد ئەو کەسە بووە، کە شاری بە جێهێشتووە چووەتە چیاکان لەپاڵ خەباتگێران و شۆڕشگێڕاندا ژیانی بەرخودانی چیاکانی هەڵبژاردووە دژی داگیرکار نەوەک لە شارەکاندا بەژێردەستەیی و نا سەربەخۆیی لەژێر چەپۆکی دووژمن بمێنێتەوە.

ئەم دوو لایەنە کۆمەڵایەتیەش کاریگەری تەواو دەکاتە سەر شێواز و ئەقڵیەتی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی. کایەی کۆمەڵایەتی و کایەی سیاسی، لە پەیوەندیەکی دیالەکتیکیدان، بەردەوام کارلەیەکتر دەکەن و یەکتر بەرهەم دەهێننەوە. سەرەتا پێکهاتەی جوگرافی و ژینگە و کەش و هەوا، کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی شێوازی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، ئەم کایانەش کاریگەری تەواویان دەبێت لەسەر دیاریکردنی ئەقڵیەت و سیستەمی سیاسی، پاشان ئەقڵیەت و سیستەمی سیاسیش دەبنە پارێزەر و ڕاگری سیستەمی کۆمەڵایەتی باو و بەردەوامی پێدەدات. بەم شێوەیە هەردوو کایە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە، لە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی دان.

ڕیشەی پێکهاتەو سیستەمی خێڵەکی، لەلایەك دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی و گوێڕایەلی بۆ ڕیش سپیانی نێو خێزان و بەرەباب و بنەماڵەکان، کە لە کۆندا زۆر ڕێزلێگیراوبوون، کەس لە قسەیان دەرنەدەچوو. لەلایەکیتر دەگەڕێتەوە بۆ ژینگە و شێوازی ژیانی ئابووریان، کە وەك ڕەوەند و کۆچەرێك لە شوێنێك نەگیرساونەتەوە بە یەکجاری، بەڵکو بەردەوام گەرمیان و کوێستانیان کردووە، زیاتر بە ئەسپ ڕامهێنان و مەڕومالاَت و ئاژەڵداریەوە خەریك بوونە نەوەك گشتوکاڵ و جوتیاری.4

لەکاتی کۆچکردنیشیاندا لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکیتر، لە ڕێگادا زۆرجار دووچاری شەڕ و پێکدادان دەبوونەوە لەگەڵ خێڵ و هۆزەکانیتر، لەسەر باجی تێپەڕین، مەڕومالاَت دزین، لەوەڕاندنی مەڕومالاَت لەسەر لەوەڕگای خێڵەکەیتر.5 جگە لەوەش خێڵەکان لەنێوان خۆیاندا بەردەوام لە شەڕدابوون.6 هەروەها بۆ دابینکردنی ئازوقەو خۆراك بەردەوام

---

1 بڕۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠

2محەمەد فەریق حەسەن، مینتەڵیتی خێڵ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨، ل٤٢

* بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ناو و گوزارشتی (کرمانج)، بۆچوونێکیان گوزارشتێکی ئەرێنی و شانازیە، کە دەڵێت کرمانج واتە ئەو کوردانەی کە لە شوێنی خۆیان مانەوە و بەرگریان لە زمان و نەریت و ناسنامەی کوردانەی خۆیان کرد و شێوازی ژیانەی کوردانەی هەڵبژارد، ئامادە نەبوون شوێنی خۆیان جێبهێڵن و لەنێو کۆمەڵگەی تورکی بتوێنەوە، ئەمە بۆ کورد ئەرێنی و شانازیە، بەڵام بۆ تورک وەک تانە و سوکایەتیە، گوزارشتبووە لە خەڵکێکی کێوی. بۆ چوونێکی دیکە هەمان ئەو بۆچوونەی سەرەوەیە کە باسکردووە کرمانج بە مانای نیشتەجێبوونە. هەر وەک مارتن ڤان برۆنەسن لە پەرتووکی (ئاغا و شێخ و دەوڵەت)، دەڵێ کرمانج واتە ئەو خێڵە کوردانەی کە نیشتەجێبوون. وەک دیارە نیشتەجێبوونیش لای خێڵە ڕەوەندە کوردەکان جۆرێک لە نەنگی بووە، بۆیە وەک تانە بەکاریانهێناوە، وەک چۆن ووشەی (هەولێری) ش وەک تانە و سوکایەتی و ترسنۆکی لەلایەن خێڵ و عەشیرەتە ڕەوەندەکان بەکارهینراوە کە هاتن لە هەولێر نیشتەجێبوون. (توێژەر)

3بڕۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٥

4 دەبلیو. ئاڕ. هێی، دووساڵ لە کوردستان ، و لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٦،ل ٥٠

5هەمان سەرچاوە، ل١٠٩

6هێی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦

پەلاماریان بۆ گوندەکان و جووتیاران و کاروانەبازرگانیەکان هێناوە.1 ئەمەش وایکردووە کە خێڵ زیاتر گرنگی بدەن به ئەسپسواری و سوارچاکی، ڕاوکردن، شەڕ و ئازایەتی، زەبروەشاند، هێرش و پەلاماردان، بە کەسانی دڕ و جەنگاوەر ناوبانگ دەربکەن.

ئەم ژیانە سەخت و ناجێگیرە پڕ لە سەرکێشیەش وایکردووە سیستەمی خێڵەکی هەڕەمیەتێکی نەریتی توند وەربگرێت. کەسە ئازا و بوێر و بەهێزەکان پێشەنگیانبن، بڕیار وەرگرتن لەلایەن سەرخێڵ بەزوویی و دەستبەجێ بەشێوەی تاکڕەوانە بدرێت، لەسەر ئەوانیتریش تەنها جێبەجێکردنە، گەرچی بڕیارەکە هەڵەش بێت کەس بۆی نیە ڕەخنەی لێ بگرێت و سەرخێڵ سەرزەنشت بکات یاخود داوای لادان و گۆڕانی بکەن.

بەم شێوەیە، ئەم جۆرە ژیانە ئابووری و کۆمەڵایەتیە سەختەی کوردان، هۆکاربووە بۆ سیستەم و ئەقڵیەتێکی سیاسی خێڵەکی توند لە سەر بنەمای دەمارگیری خزمایەتی و دوور لە شارستانیەت ، کە گەورەترین کەس و ڕیشسپی خێڵەکە بووەتە سەرخێڵ و هەموویان ملکەچی فەرمانەکانی بوونە. بەمەش ئەقڵیەتی سیاسی کوردی نامۆ بووە بە دروستکردنی دامەزراوە سیاسی، کوردەکان نەیانتوانیوە ببنە خاوەن پاشخانێکی مێژوویی لە ئەزموونکردنی دامەزراوەیی سیاسی، تا پەرەی پێبدەن و یاسا و ڕێسای مەدەنی دابهێنن و بە درێژایی ڕەوتی بەرەو پێشوەچوونی کۆمەڵگە گەشەی پێبدەن.

گەر جاروباریش لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوویشدا لێرە و لەوێ هەندێک خێڵ و هۆز میرنشینیان دامەزراندبێت، هەر لەسەر بنەمای خێڵەکی دایانمەزراندووە.2 پاشان لە لایەن وولاتان و نەتەوە داگیرکار و دەستدرێژکارەکانی دراوسێیان بواری ئەوەیان پێنەدراوە کە بەوە ڕابگەن گەشەی دامەزراوەیی بهێننەکایەوە، بەڵکو دەرفەتیان نەداون، زوو هێرشیان کردووەتە سەریان میرنشینەکەیان لێ تێکداون. پاشان ئەوەی کوژرا، ئەوەی بە دیل گیرا، ئەوەی ڕادەستی دووژمن بوو و بووە نۆکەر، ئەوەی دیکەش بۆ خۆدەربازکردن چووەتە چیاکان بۆ هەمان شێوازی ژیانی پێشوو، مێژوو خۆی دووبارە و چەندبارە کردیتەوە.

پێدەچێ ئەم مێژووە تراژیدی و کۆمیدیە بە باشی لە کۆنەستی کورداندا مابێت، بۆیە ئێستاش زۆربەی سەرکردە سیاسی و بەرپرسە گەورەکان متمانەیان بە دەسەڵاتداریەتیان لە شار نیە، بۆیە کۆشک و تەلارەکانیان لە ناوچە چیاییە دوورە دەستەکان دروست دەکەن بۆ ڕۆژی تەنگانە و لێقەومان، لە ترسی دووبارە بوونەوەی هەمان مێژوو.

## ٢. تایبەتمەندیەکانی کەسیەتی کورد

دیارە زۆربەی نەتەوەکانی مۆدێرن بە قۆناغ و سەردەمی خێڵایەتیدا تێپەڕبوونە، بە گوزارشتێکی دیکە، دەتوانین بڵێین زۆربەی نەتەوەکانی دونیا پێش پرۆسەی نەتەوەسازی و یەکانگیری نەتەوەیی و بە شارستانیبوون بریتیبوونە لە خێڵێک یاخود چەند خێڵێک بوونە، پاشان بە پرۆسەی نەتەوەسازی مۆدێرن تێپەڕبوونە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی دەوڵەت نەتەوەی مۆدێرن. نەتەوەی کوردیش وەک زۆربەی نەتەوەکانی دیکە دونیا، سەدان و هەزاران ساڵە وەک نەتەوەیەکی خێڵەکی ژیاوە، ئەو خێلەکیبوونەش ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵ و توندی دروستکردووە لەنێو پێکهاتەی ئەقڵی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە. بەجۆرێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێ بەخشیوە، دەتوانین پەیببەین بە ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەم تایبەتمەندیانە لەسەر ئەقڵیەتی سیاسی و ڕەفتاری سیاسی تاکەکانی ئەم نەتەوەیە.

هەر وەک بیرمەند و ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی مینۆرسکی (١٨٧٧ - ١٩٦٦) لە پەرتووکی (کورد) دەڵێ " بۆ ئەوەی لە ڕۆحی کورد تێبگەین، دەبێ سەیری هەموو شتێکی لە تێڕوانینی ئەو تەنها شانەیەوە (الخلیة الوحیدة) بکەین( کە مەبەستی لە بنەماڵە و هۆزگەری و عەشیرەتگەرییە)، کە بیری خێر و شەڕی لێ دروست دەبێ".3 بەو مانایەی هەرچی لە ئەقڵیەت و ڕەفتاری

1محەمەد فەریق حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١

2 کامەران عەزیز عەبدوڵا، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردیەکان لە سەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل ١٢٦

3 مینۆرسکی، " کورد" و. حەمە سەعید حەمە کەریم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٤ ل ١٣٧.

سیاسی و کۆمەڵایەتی کورددا هەیە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵیەت و نەریتی خێڵگەرایی، بەبێ تێگەیشتن لە خێڵگەرایی ناتوانین لە کورد تێبگەین.

(کازم حەیدەر) نووسەری پەرتووکی (الاکراد، من هم والی این؟) دەڵێ کوردەکان مسوڵمانن بەڵام ڕۆحی خێڵەکی بەسەر مسوڵمانبوونیاندا زاڵە، کوردەکان نەک هەر شێوازی ژیان و نەریت و خوڕەویشتیان خێڵەکیە، بەڵکو بیرکردنەوەشیان خێڵەکیانەیە. ئەمەش کاریگەری ئەقڵیەت و نەریتی خێڵەکیە کە ڕەگی داکوتاوە لەنێو کۆئەقڵی کوردان، کە نە ئاینی ئیسلام، نە بە شارییوون، نە ئایدۆلۆژیە سیاسیە مۆدێرنەکان، نەیانتوانیوە ڕۆحیەتی خێڵگەرایی لەنێو ئەقڵیەت و بیرکردنەوەی کوردان لەناوببات.بەو مانایەی کوردان هەر ئاینێکیان هەبێت، یان لەنێو هەر ڕێکخراوێکی سیاسی مۆدێرندا بن، ئەقڵیەتی خێڵەکیانە بەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەیاندا زاڵە.1

هێی* لە پەرتووکی (دووساڵ لە کوردستان ١٩١٨-١٩٢٠) باس لەوە دەکات کە، کوردان چ لە گوندبن، چ شارنشینبن، چ کۆچەربن، هەر خێڵەکیانە بیردەکەنەوە و ڕەفتار دەکەن، تەنانەت ئەگەر سەر بە هیچ هۆز و خێڵێکیش نەبن، هەر خۆیان بە خێڵەکی دادەنێن.2 ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی(باسیل نیکتن Basille Nikitine) لە پەرتووکی (کورد) دەڵێ کۆمەڵگەی کوردی بە سیستەمی بنەماڵەیی و ڕۆحیەتی خێڵەکی بوون دەناسرێتەوە، بنەچەی ڕەسەنی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە سنوریە شاخاویەکان، ئەوانەی کە بژێوی ژیانیان لەسەر جەنگ و توندوتیژی و ڕێگری و تالانی بوو، هەموو ئەو کوردانەی کە دانیشتوانی شارەکانیش پێکدەهێنن، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کوردە چیانشینانە.3 باسیل نیکتن لەسەر زاری (گرام) دەڵێ کوردەکان لە ١٠٠٠ هەزار پ.ز تاوەکو ئێستا هیچ نەگۆڕاون، هەر بە ئەقڵیەتی خێڵەکی دەژین و بیردەکەنەوە، ئەمەش بە لایەنێکی نەرێنی کورد دادەنێت، کە نەیانتوانیوە تاوەکو ئێستا لە ئەقڵیەتی خێڵەکی خۆیان دەربازبکەن.4

بەگشتی، بنەچەی کوردان دەگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانە چیاییەکانی زنجیرەچیاکانی زاگرۆس و تۆڕۆس، بەشێوەیەکی هۆز و تیرە و بنەماڵە ژیاون، شێوازی ژیانیشیان شێوازێکی خێڵەکیانەبووە، ژیانێکی سەختیان هەبووە، ئەم شێوازە ژیانەش ڕۆچووەتە نێو کۆئەقڵیەتی کوردان، تەنانەت ئەوانەی نیشتەجێش بوونە لە شارەکان، نەیانتوانیوە بە ئاسانی دەست بەرداری نەریتە خێڵەکیەکان بن، بەجۆرێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی بە کەسایەتی کوردان بەخشیوە.

بۆیە لەم باسەدا هەوڵدەدەین کۆمەڵێک لەو تایبەتمەندیانەی کورد بخەینەڕوو کەلایەن زۆرێک لە نووسەران و لێکۆڵەرەوان و ڕۆژهەڵاتناسان جەختی لەسەر کراوەتەوە. لە باسکردن و خستنەڕووی تایبەتمەندیە خێڵەکیەکانی کوردیشدا هەوڵدەدەین تەنها باس لەو تایبەتمەندیە خێڵەکیانە بکەین کە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و ئەقڵیەتی سیاسی کوردان هەیە، ئەو ئاکار و تایبەتمەندیانەی تەنها ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و پەیوەندی و کاریگەری ڕاستەوخۆیان بەسەر ئەقڵیەتی سیاسیەوە نیە خۆمانی لێ بەدوور دەگرین و باسیان لێوەناکەین. ئەمەش لە دوو باسدا دەخەینە بەر دید، لە باسی یەکەمدا، تایبەتمەندیە ئەرێنیەکان، لە باسی دووەمیشدا، تایبەتمەندیە نەرێنیەکانی کەسیەتی کورد دەخەینە بەر باس.

### ٢-١ تایبەتمەندیە ئەرێنیەکان

#### ٢-١-١ ئازایەتی و جەنگاوەری

ئازایەتی و جەنگاوەری لەکاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا یەکێک بووە لە سیفەت و ئەدگارە هەرە بەرچاوەکانی کورد، کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و گەریدە و مێژوونوسان جەختیان لەسەر کردۆتەوە، بەجۆرێک کاتێک باسی کورد دەکەن یەکسەر وەک کۆمەڵە خەڵکێکی ئازا و جەنگاوەر لە چیا سەختەکان وێنایان دەکەن.

---

1 کاظم حیدر، " الاکراد، من هم والی این؟" الطبعة الاولی، منشورات الفکر الحر- بیروت، ١٩٥٩، ص ٢٠

* حاکمی سیاسی هەولێر لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا.

2 هێی، سەرچاوەی پێشوو،ل٦٨

3 باسیل نیکتین، " الکرد" ت. صلاح برواري، من منشورات مجلة اسو (ASO)، ١٩٩٢ ، ص ٦٢

4 هەمان سەرچاوە، ل ٦٨

کورد لە بناغەدا جەنگاوەرە، جەنگاوەرێک لەسەر بنەمای بەها و ڕێساکانی خێڵەکی. مرۆڤی خێڵەکی کورد هەمیشە ئامادەیی جەنگ و هەڵمەت بردنە، چونکە جەنگ بەلای ئەو شانازی و شکۆ و پیاوەتی و پاڵەوانیەتیە. هەمیشە لە دانیشتن و دیوەخاندا مرۆڤی خێڵەکی کورد ئەو داستانانە دەگێڕێتەوە کە باسی جەنگ و شەڕو هەڵمەتبرد دەکات.1 کاتێک کە زینەفۆن لە گەشتەکەیدا (٤٠٠ پ.ز) بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بە خاکی کوردستان و چیاکانیدا تێپەڕبوو، لەکاتی گەڕانەوەیدا تووشی کاردۆخیەکان(Cardouques)* بوو، لەلایەن کاردۆخیەکانەوە دووچاری قورسترین سەختی و ناڕەحەتی بوونەوە بەدرێژایی گەشتەکەیان، ئەمەشیان بۆ جەنگاوەری و دڕی و سەرسەختی کاردۆخیەکان گەڕاندۆتەوە.2

گەریدە و جوگرافیاناسی ئیتاڵی مارکۆ پۆلۆ (١٢٥٤- ١٣٢٤) کاتێک لە دەوروبەری سەدەی ١٤ بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە، لە باسی میرنشینی موسڵدا دەڵێ نەتەوەیەک هەن لە ناوچە شاخاویەکاندا دەژین پێیان دەڵێن کورد (courdes) نەتەوەیەکی زۆر دڕ و ئازا و بەجەرگن، ڕم وەشێنێکی کارامە و لێهاتوون، زۆر سەرسەختن هەمیشە لەنێو خۆشیاندا لە شەڕ و ئاژاوەدانە، کاروانەکان ڕووت دەکەنەوە و باج لە بازرگانەکان دەستێنن.3

مێژوونووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣- ١٦٠٣) لە (شەرەفنامە)دا دەڵێ یەکێک لە بۆچوونەکان کە ناوی کوردی لێوە پەیدابووە، بریتی بووە لە ئازایەتی و جەنگاوەری و مەردایەتیان وەک پیشەیەکی هەمیشەییان، بەو مانایەی ناوی کورد هاوواتای ئازایەتی و جەنگاوەری و نەبەردی دێت.4 هەژاری موکریانیش لە پێشەکی شەرەفنامەدا دەڵێ شەرەفنامە ئازانامەیە، لە سەرانسەری شەرەفنامە باسی ئازایەتی و نەبەردی بێ وێنەیی ئەو گەلە دەکات کە هەرگیز نەترساوە، هەر بۆیە دراوسێکانی ناویان ناوە کورد، کە واتای ئازایەتی دێت.5

تەنانەت زۆرێک لەوانەی کە لەمێژووی کوردیان کۆڵیوەتەوە، ڕیشەی ووشەی کورد بۆ (کاردۆ یاخود گاردو) دەگەڕیننەوە، کە لە قەدپاڵی چیاکانی کوردستان ژیاون، کە لەبنەڕەتدا بە مانای پاسەوان و جەنگاوەر دێت6 وەک ووشەی گارد (Guard) ئینگلیزی، بەمەش دوورنیە ووشەی (گارد)ی ئینگلیزی ڕیشەکەی بۆ هەمان ووشەی (گاردو) بگەڕێتەوە، کە لە زۆر کۆندا بە کەسانی جەنگاوەر و پاسەوانیان گوتووە کاردۆ. بەمەش کوردیش وەک گەلێکی جەنگاوەر ئەو ووشەیەی بەسەردا لکێندرابێت.

(مینۆرسکی) دەڵێ لەلای ئاشووریەکان کاردو(qardu) بە مانای بەهێز و پاڵەوان هاتووە.7 شەرەفخانیش دەڵێ ڕیشەی ووشەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی و نەبەردی و بێ باکی لە هەمبەر مردن، چونکە زۆر قارەمانن لە کۆڕی جەنگ و شەڕدا.8 تەنانەت بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاستیش بە هەموو کوردێک نەگوتراوە کورد، بەڵکو تەنها بە کوردە ڕەوەند و جەنگاوەرە چیانشینەکانیان گوتووە کورد.

---

1 بەدرخان سندی، کۆمەڵگای کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیدا، و. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی- دهۆک، ٢٠٠٨، ل ٣١

* زۆربەی مێژووناسان و لێکۆڵەرەوان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کاردۆخیەکان باپیرە گەورەی کوردەکانن، وەک مینۆرسکی، باسل نیکتن، ...

2 زینەفۆن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

3 وەرگیراوە لە:فەرهاد پیرباڵ، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل ١٠٣.

4 شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، و. هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١

5 هەمان سەرچاوە، پێشەکی ل ٢٩

6 شەمسی محەمەد ئیسکەندەر، مێژووی کورد لەسەدەی ١٦هەمدا، و. شوکر مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ١٩٩٨ ل ٦٢

7 ڤلادیمیر مینۆرسکی " بنچینەکانی کورد و چەند ووتارێکی کوردناسی، و. نەجات عەبدوڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی. ن . ک)- سلێمانی، ٢٠٠٧ ل ٣٠

8 شەرەفخان بەدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

ژان باپتیست تاڤێرنیێ (jean Bap Tiste Tavernier) کە بازرگانێکی فەرەنسیە، لە ساڵی ١٦٣٢ لە گەشتێکدا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەرست، بە کوردستاندا تێ دەپەڕێت، لە گەشتنامەکەیدا بەو جۆرە باسی کوردەکان دەکات، کە هەمیشە ئەسپسوارن و ئامادەی جەنگن، بەگشتی خەڵکانێکی سەرسەخت و درِن.1 ئەلفرێت ژاکۆب (Alfred Jacob) لە یاداشتەکانی بەناوی (گەشتێک بۆ ئاسیا و ئەفریقیا)، کە لە ١٨٥٣ لە پاریس چاپکراوە، لە باسی کورداندا دەڵێ کوردەکان گەلێکی ڕەوەند و ئازا و سوارچاک و جەنگاوەرن، خوێنێکی شکۆمەندانە لە دەمارەکانیاندا هەیە ئەوەندە بوێر و جەنگاوەرن.2

باسیل نیکتین( Basile Nikitine) لە باسکردنی تایبەتمەندیەکانی تاکی کورد دەڵێ یەکەمین تایبەتمەندی کە کەسایەتی کورد دەردەخات بریتیە لە حەزیان بۆ جەنگ، بۆ ڕاو، بۆ هێرش و هەڵمەتبردن.3 مەلا مەحمودی بایەزیدی (١٧٩٧- ١٨٦٠)، لە باسی کوردان دەڵێ کوردەکان شەیدای شەڕ و جەنگن، زۆربەی پیاوانی کورد شانازی بە مردن دەکەن لە جەنگدا، ئەگەر کەسێکیان لە جەنگ بترسێ یان هەڵبێت ئەوا ئابڕووی دەچێت، بۆیە زۆر لایان باشترە بمرن نەک شەرمەزار و ڕیسوای ناو کۆمەڵگەکەی خۆیانبن، هەڵاتن لای ئەوان نیە، تا دوا هەناسە شەڕ دەکەن.4

بۆیە، دەگێڕنەوە کاتێک عەبدولڕەحمان پاشای بابان لەسەرە مەرگدا بووە، هەستی بە شەرمەزاری کردووە کە خەریکە لەسەر جێگادا دەمرێ، بۆیە هەر دەیگوت و دووبارەی دەکردەوە کە پێی خۆشبووە لە مەیدانی جەنگ و قارەمانیەتی و شەرەفمەندانە گیانی بەخت بکردبایە، نەک بەو شێوەیە لەسەر جێگادا بمرێت. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە جەنگ و جەنگاوەری و مردن لە جەنگدا چ پیرۆزی و شانازیەکە لای کوردان.5

ئیتر بە درێژایی ئەو مێژووە بە سەدەکانی ناوەڕاستیشەوە کورد بە سوارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبانگیان دەرکردبوو، زۆر گرنگیان بە سوارچاکی داوە، هەمیشە وەکو جەنگاوەر دەرکەوتوون و خۆیان نواندووە، سوارچاکی و جەنگاوەری و ڕاوکردن و ڕم وەشاندن، مایەی شانازی کورد بوون، بەتایبەتی بۆ چینەکانی سەرەوە (چینی خێڵەکی جەنگاوەر).6

هەروەها (مینۆڕسکی) لەسەر زاری نوسەری ئەرمەنی (ئابوڤیان) لەسەر تایبەتمەندی و ئەدگاری کوردەکان دەڵێ کوردەکان هەر کە دەیانبینی یەکسەر وا دێنە بەرچاوت وەک کەسانێکی بەترس و سام و بەهێز، ئاکاریان لە پاڵەوانە کۆنەکان دەچێت.7 هەروەها (باسیل نیکتین) لەسەر زاری هەمان نوسەری ئەرمەنی (ئابوڤیان) دەڵێ باشترین ناوبانگ بۆ ئەوەی کوردەکانی پێ پێناس بکرێت ئەوەیە بڵێین (سوارەکانی ڕۆژهەڵات)، چونکە هەمیشە ئامادەی جەنگن و حەزیان بەشەڕ و جەنگاوەریە.8

ئەمانە و زۆرێکی دیکە لە رۆژهەڵاتناسان و گەریدەکان و نووسەران کە لەبارەی کوردیان نووسیوە و باسی ڕەوشت و ئاکار و تایبەتمەندیەکانی نەتەوەی کوردیان کردووە، یەکەمین شتێک کە باسی بکەن و کوردی پێ پێناسە بکەن، جەنگاوەری و سوارچاکێتیە، هەمیشە وەکو نەتەوەیەکی شاخاوی، توندوتیژ، سەرسەخت، نەبەرد و قارەمان باسیان لێوەکردووە. ئەم باسکردن و پێناسە دانەپاڵەش تەنها تایبەت نەبووە بەسەردەمێکی دیاریکراو، بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەموو لایەک جەختیان لەسەر کردۆتەوە.

---

1وەرگیراوە لە: فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣-١١٤

2 هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠

3 باسیل نیکتین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

4 محمود بايزيدي، "الاكراد، ريسالة في عادات وتقاليدهم" ، ت. جان دوست، الطبعة الاولى، هيئة ابوظبي للثقافة والنشرات، ٢٠١٠، ص٥٨

5بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢

6 مینۆرسکی، الکرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢

7 هەمان سەرچاوە، ل ٧٨

8باسیل نیکتین، سەرچاوەی پێشوو ل ٦٨

**٢-١-٢ سەربەخۆخوازی**

**هەستی ئازادی و سەربەخۆخوازی لە سەردەمانی زۆر دێرینەوە تێکەڵ بە ڕۆحی کورد بووە، هەر ئەو هەستە بەهێزەشیانە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، بووەتە هۆکاری مانەوەیان و نەتوانەوەیان لەنێو میللەتە سەر دەست و داگیرکارەکانی ناوچەکە، زۆرێک لە مللەتانی ناوچەکە بەرەو نەمان و توانەوە چوون لەنێو میللەتانیتر بەڵام کورد هەر وەکو خۆی ماوەتەوە، چونکە توانەوە و تێکەڵیان قبوڵ نەکردووە، زۆر چێژیان لەو ژیانە ئازاد و سەربەخۆیە وەرگرتووە لەنێو کەژ و چیاکاندا.**

**مینۆرسکی لەم بارەیەوە دەڵێ کوردەکان حەزێکی زۆریان هەیە بۆ ئازادی و سەربەستی، بۆ ئەمەش توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن بەرامبەر عوسمانیەکان هەر لە سەدەی ١٦ هەمەوە دوای شەڕی چاڵدێران لە ١٥١٤ تاوەکو سەدەی ١٩ کاتێک لە ساڵی ١٨٣٤ سوڵتان مەحموودی دووەم سیاسەتی ناوەندگەرایی پەیڕەوکرد و میرنشینە سەبەخۆ کوردەکانی ڕووخاندن و کوردستانی داگیرکرد.1**

**شەرەفخان لە شەرەفنامەدا دەڵێ کوردەکان هێرشبەر و داگیرکار نەبووینە، ڕێگەشیان بە داگیرکردنی خاك و وڵاتی خۆیان نەداوە، هەمیشە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی دیاری دڵی پاشا گەورەکانیان ڕازیکردووە، لە پێناو و لەبەرامبەر سەربەخۆییان، پاشاکانیش نیازی داگیرکاری خاکی کوردانیان لە دڵدا نەگرتووە، خۆ ئەگەر هەر لایەنێکیش دەستی بۆ ئەو ئاگرە بردبێت کە داگیرکاری کوردستانە، ئەوا هەر زوو پەشیمان بووەتەوە و ناچار ڕادەستی خاوەنەکەی کردۆتەوە، کە کوردان خۆیانن.2میجەر نوئێل لە یاداشتەکانیدا دەڵێ کەسایەتی ڕەسەنی کورد زۆر شەیدا و سوتاوی ئازادی و سەربەخۆییە، هەرگیز ملکەچ ناکەن بۆ هیچ داگیرکارێک.3**

**دیارە کە هەستی سەربەخۆیی لای کوردان زۆر هەستێکی توندە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی داگیرکاری وڵاتانیتریان نەداوە، جگە لە وڵاتی خۆیان چاویان نەبڕیوەتەوە خاك و وڵاتی نەتەوەکانیتر، بەڵکو زۆر پەیوەست بوونە بە خاکی دێرینی خۆیان، لەگەڵ هێزەکانی دراوسێ و دەورووبەریشدا زۆر ئاشتیخوازبووینە، بەڵام لەکاتی هێرش و داگیرکاری بۆ سەر خاك و وڵاتیان زۆر بە توندی بەرگریان کردووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە، کوردان حەزیانکردووە خۆیان و نەتەوەکانیتر بە ئاشتی و ئازادی بژین و چێژ لەسەربەخۆیی خۆیان وەربگرن.**

**٣-١-٢ وەفا و دەمارگیری**

**پێشتر ئاماژەماندا بە ڕۆحی خێڵەکیبوونی کورد، بەجۆرێک گەر بمانەوێ لە کورد تێبگەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئاکار و ئەقڵیەتی خێڵەکی و ئەو کاریگەریەی کە هەیەتی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و دونیابینی و ڕەفتاری تاکی کورد. دیارە گومان لەوەدا نیە کە خێڵ و هۆز و عەشیرەتەکان وێنەیەکی گەورەکراوە و پەرەسەندووی خێزان و بنەماڵەکانن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سۆز و دەمارگیری و یەکانگیری خوێن لەنێو خێزانی کورددا زۆر بەهێزە، بۆیە بە گەورەبوون و لق وپۆپ هاوێشتنیش لەیەکتر دانابڕێن، هەر کە زانیان کەسێک بە خوێن دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەکەی ئەوان یەکسەر سۆزی خوێن و خزمایەتیان بۆ دەجولێت.**

**برینمان، باس لە تۆڕە پتەو و ئاڵۆزەکانی پەیوەندی هاوڕییەتی و خزم خزمێنە و عەشیرەتگەری دەکات، دەڵێ تێگەیشتن لێیان زۆر مەحاڵ و ئاڵۆزە، ئەم جۆرە پەیوەندیانە تاکەکان ئەرکدار و پێبەند دەکەن بەم گروپ و پەیوەندیانە، دەبێت لە هەموو کات و ساتێک و خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتربکەن و لەگەڵ یەکتر ڕابوەستن و چاکەی یەکتری بدەنەوە، کە ئەمەش دواتر کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتار و پەیوەندیە سیاسیەکان.4**

---

**1 مینۆرسکی،الکرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤**

**2 شەرەفخانی بەدلیسی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧**

**3 مەیجەر نوئێل، یاداشتەکانی مەیجەر نوئێل لە کوردستان، و، حسین ئەحمەد جاف - حسین عوسمان نێرگسەجاری، چاپخانەی اوفییسیتحسام، بغداد ،١٩٨٤، ل ٥٣**

**4 بڕێنمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧**

مینۆرسکی دەڵی کوردەکان دەربارەی خێزان و هۆز، هەست و سۆزێکی زۆر بەهێزیان هەیە، ئەو هەستەیان زۆر بەهێزترە لە هەستی ئایینی و نەتەوەییان، بەجۆرێک خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت، بۆ تاکی کورد وەکو پشت و پەنای لێهاتووە، لە پاڵیدا هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکات، جگە لە بنەماڵە و عەشیرەتەکەی باوەڕ و متمانەی بە هیچ هێزێکی دیکە نیە کە پارێزگاری لێبکات و مافەکانی بۆ وەربگرێتەوە، بۆیە بە دڵ و بە گیان دەجەنگێت لە پێناو بنەماڵە و خێل و عەشیرەتەکەی، هەر بۆیە ئامادەیە باڵایی بەرژەوەندی بنەماڵە و عەشیرەتەکەی بخاتە سەر هەموو بەرژەوەندیە هەمووەکیەکانیتری وەکو نەتەوەیی و ئایینی.1

ڕیچ دەیگێڕێتەوە کاتێک لە دیوەخانی میری بابان دانیشتووە، وویستوویەتی باسی سەروەری شانازی نەتەوەیی کوردیان بۆ بکات و هەستی نەتەوەییان بجوڵێنێ، بۆ ئەمەش باسی چیرۆکی (زینەفۆن) و ١٠ هەزار سەربازەکەی بۆ کردوون، کە کوردە کاردۆخیەکان چۆن جەنگاوەرانە لە دژیان جەنگاون و تووشی دەردەسەریان کردوون، بەڵام میری بابان لە کۆتایی چیرۆکەکە گووتویەتی (خۆزگە بمزانییوایە بنەماڵەکەم لەو کاتەدا چ دەورێکیان هەبووە)، ئەو باسی شانازی و سەروەری نەتەوەیی بۆ دەکات، ئەمیش لە خەمی شانازی و سەروەری بنەماڵەکەیەتی.2

باسیل نیکتن باس لەوە دەکات کە، تاک و خێزانی کورد زۆر گرنگی بە بنەچە و ڕەگو ڕیشەیی بنەماڵەکەیان خۆیان دەدەن، زنجیرەی بنەچەی خۆیان دەپارێزن و زۆر شانازی بە باوباپیرانیانەوە دەکەن، زۆر ئارەزووی ئەوە دەکەن کە لەبارەی باوباپیرانیانەوە قسە و گفتوگۆ بکەیت و پرسیاریان لێ بکەیت، هەیانە تا ١٥ پشتت بۆ دەژمێرێ و زۆر گرنگی بە لەبەرکردنی زنجیرەی ناوی باوباپیرانیان دەکەن، کاتێک لەگەڵ ناوی خۆیان نازناویان دەنووسن یاخود نازناوی خۆیان دەڵێن زۆر هەست بە شانازی دەکەن3

لەم سۆنگەیەوە دەبینین کە ئەندامانی هەر بنەماڵە و هۆز و عەشیرەتێک وابەستەییەکی تەواویان هەیە بۆ سەرۆکەکانیان وسۆز و وەفا و دڵبەندیان تەنها بۆ سەرۆک عەشیرەتەکانیانە. ڕیچ دەیگێڕیتەوە جارێک (ئەمانوڵڵا)ی پاشای سنە، پرسیاری ئەوەی لە (ئەوڕەحمان) پاشای بابان کردووە، بۆچی پیاوەکانی من لەکاتی لێقەومان و تەنگانەدا پشتم تێدەکەن، بەڵام پیاوەکانی تۆ بە دڵ و بەگیان پشتت دەگرن لە هەموو بارودۆخێکدا لەگەڵتن؟ ئەوڕەحمان پاشاش لە وەڵامدا دەڵێ چونکە تۆ سەرۆک هۆز نیت، پیاوەکانت پیاوی هۆزەکەت نین، ئەگەر پارە و نان و بەرگی باشیشیان بدەیتێ سوودی نیە، چونکە ئەوان ئامۆزات نین، بەڵکو خزمەتکارتن. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە پەیوەندی خوێن لەلای کورد زۆر بەهێزە، زاڵ و باڵایە بەسەر هەموو پەیوەندیەکانیتر .4

ڕیچ لەچەندین شوێن ئەو وابەستە بەهێزەی کوردان بە سەرکردەکانیەوە دووپات دەکاتەوە، دەڵێ لە هەموو بارودۆخێك لەگەڵ سەرکردەکانیانن، لە بەغدا هەرچی کوێرەوەری و تاڵی و زەحمەتی هەیە دەیچێژن لەپێناو خزمەتکردنی سەرکردەکانیان، هەیانە لە کوردستان خانەدانە باشترین ئەسپی هەیە و جوانترین پۆشاک دەپۆشێ بەڵام لە بەغدا بەجلوبەرگێکی شڕەوەن، چونکە لەکاتی تەنگانە و لێقەومانی سەرۆکەکانیان هەرچیان هەیە پێشکەشی سەرۆکەکانیان دەکەن. کوردەکان لەو کاتدا زۆر ڕقیان لە ئاوارەبوون دەبۆوە لە بەغدا، بەڵام لەبەر خۆشەویستی و پێبەندیان بە سەرۆکەکانیانەوە ئامادەی بەرگەگرتنی هەموو ناسۆری و ناخۆشیەک دەبوون.5

لە شوێنێکیتر ڕیچ دەڵێ کاتێک لە سنە بووم ستایشی خانووبەرەیانم کرد، یەکێک لە خانەدانەکان گووتی بەڵێ ئێمە هەرچیمان دەستکەوێ لە خانووبەرە خەرجی دەکەین بەڵام بابانەکان هەر پاشەکەوتی دەکەن بۆ کاتی تەنگانە و هەڵاتن، ڕیچ دەڵی یەکسەر عومەر ئاغای بابانی وەڵامیدایەوە، گووتی بەڵێ ئێمە واین، چونکە ئێمەی خێڵەکی وەکو ئێوەی گۆران نین کە هیچ بەلاتانەوە گرنگ نیە کە کێ دەبێتە سەرۆکتان، ئێمەی خێڵەکی سەرۆکەکانمان لە کوێبن، ئێمەش لەوێین، ئێمە

1 مینۆرسکی، کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧

2 ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤

3 بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٧

4ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧

5 هەمان سەرچاوە، ل ٩٨

هەرچیمان هەیە پاشەکەوتی دەکەین بۆ ئەوەی هەر کاتێک سەرۆکەکانمان لێیان قەوما و تووشی ناخۆشی هاتن لە خزمەتیان دابین. ڕیچ گەواهی دەدات بۆ ئەو قسەیەی عومەر ئاغای بابانی، دەڵێ ئەوە تەنها قسەیەک نەبوو، بەڵکو هەر بەڕاستی وابوون، خێڵەکیەکان زۆر پێبەند و وابەستەی سەرۆکەکانیان بە ماڵ و بە گیان.1

٤-١-٢ میواندۆستی

میواندۆستی یەکێکی دیکەیە لە دیارترین و زەقترین تایبەتمەندی و ئاکارە خێڵەکیەکانی کورد، بەجۆرێک نەتەوەی کورد زۆر بەم ئاکارە ناسراوە، هەرچی گەریدە و ڕۆژهەڵاتناس هەیە جەختیان لەسەر میواندۆستی کوردان کردۆتەوە، بەڕادەیەک زۆر جار سەرسامی خۆیان بەرامبەر ئەو ئاکارە دەربڕیوە و کوردیان پێ جیاکردۆتەوە لە نەتەوەکانی دەوروبەری وەکو تورک و عەرەب و فارس و ئەرمەن.

لەم سۆنگەیەوە (میجەر نوئێل) لە باسی میواندۆستی کوردان دەڵێ '' زۆر ئاشکرایە لای هەموو گەریدە ئینگلیزیەکان، ئەوانەی هاتوونەتە کوردستان، کە بە چ گیانێکی پوخت و پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزەوە پێشوازیان لێکراوە، کوردەکان... میوانیان گەلێک خۆشدەوێت و پێشوازی گەرمی لێدەکەن''.2

هەروەها لە چەندین شوێنی دیکە (مێجەر نوئێل) باسی ئەو میواندۆستیەی کوردان دەکات و بەرزی دەنرخێنێت، بەتایبەتیش کاتێک بەراووردی دەکات بە تورکەکان، باس لەوە دەکات کە لەو دێ و گوندانەی کوردەکان چ پیشوازیەکیان لێکراوە و چەند ڕووخۆش و شاگەشکەن بە میوان، تورکەکانیش چەند گرژ و مۆن و چاوتەنگن، کوردەکان چۆن داوای مانەوەی زیاتریان لێکردوون، کەچی تورکەکان پرسیاریان لێکردوون کەی دەڕۆن، کوردەکان جۆ و ئالیکی تەواویان بۆ ئەسپەکانمان دابین دەکرد، کەچی تورکەکان دەیانگووت چەند دانە ئەسپتان پێیە، کوردەکان بۆ نانی بەیانی زیاتر لە ١٠ خواردنی جۆراوجۆریان بۆ دانابوون کەچی تورکەکان پرسیاری ئەوەیان لێکردوون نان دەخۆن و دەمێننەوە یان دەڕۆن.3

(ڕیچ) لە گەشتەکەیدا بۆ سلێمانی دوای ئەوەی پێشوازی و میوانداریەکی زۆر گەرم و گوڕی کراوە، زۆر سەرسامبووە، بڕوای بەوە نەکردووە کە لە ڕۆژهەڵاتدا گەلێکی وا میواندۆست هەبووبن، بۆیە لە کاتی جێهێشتنی سلێمانی دەنووسێت '' بە خەمێکی بێ سنوورەوە کوردستان جێدەهێڵم، چونکە بڕوام نەدەکرد ئەم هەموو خەڵکە چاکەی لە خۆرهەڵاتدا هەن، لەوێ بیانبینم. ناسیاوم تیایدا پەیداکرد و بۆ هەر شوێنێ چووبم زۆر دڵسۆزانە نەوازشم کراوە. میوانداریەکی بێ سنورم کراوە. دەترسم و چاوەڕێش ناکەم لەم گەشتەمدا، کە زۆر ماندووی کردم، جارێکتر ڕەفتاری وام لەگەڵدا بنوێنرێ، لەبەر ئەوە، هەتا ماوم ئەم یادگاریانە لە ناخمدا دەمێننەوە''.4

گەر سەرنج بدەین ڕیچ دەڵێ چاوەڕێی ئەوە ناکەم جارێکیتر ڕەفتاری ئاوام لەگەڵ بنوێنرێ. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕیچ زۆر شارەزانی میللەتانی ئەم ناوچەیە بووە، هەموویانی باش ناسیوە، ئەم میواندۆستی و سۆز و خۆشەویستی و ڕێزەی تەنها لە نێو کوردان دیتوە، بۆیە بە خەم و چاوی پڕ فرمێسکەوە سلێمانی جێدەهێڵێ.

(بڕۆنەسن) یەکێک لە هۆکارەکانی کارکردنی لەسەر کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ میواندۆستی کوردان، سەرسامی خۆی لەبەرامبەر ئەو میواندۆستیە دەردەبڕێت.5(برێنمان) لەباسی میواندۆستی کوردان دەڵێ '' هەرکاتێک لەگەڵ کوردان نانم خواردبێت، هەمیشە زیاتر لەوەی پێم دەخورێت بۆمی دادەنێن، خوانچە و چێشتی وا بۆ میوان دادەنێن بەشی ١٠ کەس دەکات. ئەوەندە گوێ بە تێچووی خواردنەکە نادەن. چونکە کوردەکان زۆر بیریان لای خزمەتکردنی میوان و هاوکات بەهای باڵای بەخشندەییە، بڕە خواردنێکی زیاتر لەوەی دەخورێت ئامادەدەکەن. چۆنیەتی چێشتەکە شان بە شانی چەندیەتی چێشتەکەشی، لەبەرزترین ئاستی خۆیدایە''.6

---

1 هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٢

2 مەیجەر نوئێل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١

3هەمان سەرچاوە، ل ٥٣-٥٤

4 ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٣

5مارتن ڤان بڕۆنەسن، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١

6 برێنمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩

### ٢-٢ تایبەتمەندیە نەرێنیەکان

#### ٢-٢-١ ڕێگری و تاڵانی

یەکێکی دیکە لەو باس و وەسفانەی کە دراوەتە پاڵ نەتەوە کورد و پێناسەی کوردیان پێکردووە، بریتی بووە لە ڕێگری و تاڵانی. کوردەکان لە کۆندا لە کە کۆمەڵێک خەڵکی خێڵەکی دابەشبووی سەر هۆز و عەشیرەت و بنەماڵەکان بوون، لە ناوچە سەختە چیاییەکان دەژیان، کە وەک مەڵبەندی کوردەکان بوو، لە پاڵ کاری مەڕ و ماڵات لەوەڕاند و بەرهەمی شیرەمەنی، هەمیشە خەریکی ڕێگر و تاڵانیش بوون، وەک ڕێگریکردن لە کاروانە بازرگانیەکان و هەڵمەت بردن و بەسەردادانی گوندنیشینان و تاڵانکردنیان، بەجۆرێک وەک پیشەیان بووە و، شانازیشیان پێوەدەکرد.

لە نێو ئەدەبیاتی ڕۆشنبیری و کۆڕ و کۆبونەوەی جیهانی ئیسلامیدا، بۆ هەر نەتەوەێک وەسفێکیان دادەنا و پێناسەی ئەو نەتەوەەیان پی دەکرد، وەسف و پێناسەکانیش زیاتر لەسەر بنەمای تایبەتمەندیە نەرێنیەکان بوون. بۆنموونە جولەکە بە چاوبرسێتی و پارەپەرستی و ناسراون، تورک بە خوێنڕێژی و بێوەفایی، عەرەب بە توندوتیژی و دڵرەقی، کوردیش بە ڕێگری و دووبەرەکی و ئیرەیی ناسراون، زنج و سودانیش بە دڵخۆشی، ڕۆمیش بە دەست نوقاوی... بەڵام گەر سەیری مێژووی ئیسلام بکەین، هیچ دیاردە و تایبەتمەندیەک نابینیەوە بە قەد ڕێگری و جەردەیی کە بە کورد پەیوەست کرابێت، هەر کە باسی کورد کراوە، یەکسەر بە جەردە و ڕێگریان پێناسەیان کردوون، چەندان ڕووداو و بەسەرهات و گێرانەوە هەیە کە باس لە ڕیگری و جەردەیی کوردەکان دەکەن، کە چۆن تەنانەت کاروانی حاجیەکانیش ڕووت دەکەنەوە، هەرچی دەستیان کەوێ تاڵانی دەکەن، بەجۆرێک گووتویانە کە کوردەکان ئیش و کاریان تەنها ڕێگری و جەردەیی و تاڵانکاریە. ئەمەش نەک تەنها لە جیهانی ئیسلامی، بەڵکو لەلایەن نەتەوەکانی دیکەش و ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژئاواییەکانیش جەختی لەسەر کراوەتەوە و دووپات کراوەتەوە.1

مارکۆ پۆڵۆش لە باسی کوردان دەڵێ لە ناوچە شاخاوییەکان دەژین، زۆر دڕ و ئازان، کاروانەکان ڕووتدەکەنەوە، هەرچی بەلایاندا تێپەڕێ دەبێ باجی ڕیگاکەی لێ بستێنن، لەنێو خۆشیاندا بە بەردەوامی بەگژ یەکدا دەچن و بەشەڕدێن.2 ئەلفرێد ژاکۆبیش لە باسی کوردان دەڵێ کوردەکان زۆر ئازا و بوێرن، زۆر حەزیش بە تاڵانی دەکەن.3 ولیەم هیودیش لە گەشتنامەکەیدا بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨١٧ باس لە ڕێگری و جەردەیی هۆزە کوردەکان دەکات، دەڵی دەستبڵاون بەڵام پیشەی ئاساییان ڕێگری و تاڵانچیەتیە.4 هێی بەهەمان شێوە، دەڵێ کوردەکان ئارەزووی یەکەمیان ڕێگری و تاڵانیە، ڕێگە لە کاروانە بازرگانەکان دەگرن و هەرچی هەیە لێیان دەسێنن.5

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کردەی ڕێگری و تاڵانی لای زۆرێک لە هۆزە کوردەکان وەک پیشەیان بووە و شانازیشیان پێوەکردووە، تەنانەت وەکو داستان بەردەوام لە دانیشتنەکان باسی ئەو چیرۆک و گێڕانەوانەیان کردووە کە باس لە ڕێگری و جەردەییاکانی خۆیان و باوباپیرانیان دەکات. وەک گەریدەی هۆڵەندی (مارتن ڤان برۆنەسن) باس لەوە دەکات کە چۆن جەمیلی کوڕی حاجۆ بە شانازیەوە باسی ئەو ڕێگری و جەردەی و تاڵانکاریەی باوکی بۆ دەگێرایەوە، کە چۆن ڕانە مەڕەکانی دەست بەسەر داگرتووە و بە پێش خۆی داون.6

(مینۆرسکی) لە باسی (جەوهەر ئاغای میری شکاک) کە برای (سمکۆی شکاک) بوو، دەگێڕێتەوە کە لە ناوچەی (سەڵماس) ناوە ناوە لە شاخ دەهاتە خوارەوە لە دۆڵەکان تاڵان و برۆی ئەکرد، پاشان کە دەسەڵاتدارانی حکومەت کردیان بە پارێزگاری

1زرار صدیق تۆفیق،سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٧-٨٨

2 وەرگیراوە لە: فەرهاد پیرباڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣

3وەرگیراوە لە: هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠

4 ولیەم هیوود، سەفەرنامەی ویلیەم هیوود بۆ کوردستان ١٨١٧، و: نەجات عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر، هەولێر، ٢٠١٢،ل ٥٦

5 هی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤

6 مارتن ڤان برۆنەسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

سنورەکە، ماوەیەک وەک پارێزگار مایەوە، بەڵام دواتر وازیهێنا و دیسان گەڕایەوە سەر پیشە و ئاکارە کۆنەکەی خۆی کە تاڵانکاریە.1 ئەمەش چونکە پیشەی ڕێگری و تاڵانکاری لای هۆزە کوردەکان ئازایەتی و جوامێری بووە، هەر وەک (مۆرتیز ڤاگنەر ١٨١٣-١٨٨٧) گەریدە و جوگرافیناسی ئەڵمانی، کە کاری لەسەر هۆزەکانی ئەفریقیا و ناوچەی قەفقاز کردبوو، دەڵێ هیچ گەلێکم نەدیووە وەکو کوردەکان، ڕێگری و تاڵانکاری ڕەگی داکوتابێت لە ئاکار و شێوازی ژیانیان، بەجۆرێکە وەک ئەوەی لە زگماکەوە وابن و لە خوێنیاندا بێت.2

دیارە ڕێگری و تاڵانکاری بەشێک بووە لە پیشە و ئاکاری هۆزە خێڵەکیەکانی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا شانازیان بەو پیشەیەوە کردووە، لەلایان نەنگی و شورەیی نەبووە، بەڵکو بە کاری کەسانی ئازا و مەرد و نەترس و بوێریان داناوە، ئەوانەی کە توانیویانە ئەم کارە بەسەر کەوتووی بکەن وەک پاڵەوان و قارەمان لە قەلەمدراون، لە دانیشتنەکان و دیوەخانەکانیش وەک چیرۆک و داستان بە شانازیەوە گێراویەتیانەوە و ئەندامانی هۆزەکەیان لەسەر پەروەردە کردووە و هانیانداون کە وەکو باوباپیرانتان ئازا و مەرد و قارەمان بن.

## ٢-٢-٢ خۆبەخۆخوازی

چیاکان جگە لە تایبەتمەندیە ئەرێنی سەربەخۆخوازی، تایبەتمەندیەکی نەرێنیشیان بە کوردان بەخشیوە ئەویش خۆبەخۆخوازیە. خۆبەخۆخوازی، بەو مانایەی کە هەستێکی تۆخ و دەمارگیریەکی توندی گرۆبەندیان بە کوردەکان بەخشیوە، لە شێوەی هەست و دەمارگیری خێڵایەتی و ناوچەگەریەتی، بەجۆرێک کە هەر خێڵ و عەشرەت و ناوچەیەک، دەیانەوێت تەنها خۆبەخۆبن لە ناو بازنەی داخراوی خۆیان و تێکەڵ بە ئەوانیتر نەبن و، فەرمانڕەوایەتی ئەوانیتر قبوڵ نەکەن. تەنها ملکەچی سەرخێڵ و سەرعەشیرەتی خۆیانبن، تەنها لەنێوان خۆیاندا ژن و ژنخوازی بکەن، بە شێوەزاری خۆشیان قسەبکەن.

ئەم سروشت و تایبەتمەندیە خۆبەخۆییەی کوردانیش، کە لایەنێکی نەرێنی کوردە و زادەی کارتێکەری چیاکانە. بووەتە بەربەستێک لەبەردەم دروستبوونی زمانی هاوبەش، کەلتووری هاوبەش، شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش و یەکێتیەکی سیاسی هاوبەش لەسەر ئاستی فراوانی نەتەوەیی.

چونکە نەتەوە بە مانا مۆدێرنیزمەکە واتە بوونی کەلتورێکی ستاندارد و سەراپاگیر کە نەفی هەموو کەلتورە ناوچەییەکان بکاتەوە ئەویش لەرێگای ئەو زمانە ستانداردەوە دێتە بەرهەم. هەر بۆیە مۆدێرنیزمەکان و لایەنگرانی تیۆری واقعگەرایی دەوڵەت بە پێشمەرجی نەتەوە دادەنێن چونکە پێیانوایە تەنها لەرێگای دام و دەزگا پەروەردە و ئەکادیمیە رەسمیەکانی دەوڵەتەوە دەتوانێت زمانێکی ستاندارد و دواتر کەلتوورێکی ستاندارد دروست بکەیت، ئەمەش لە هەموو وڵاتێکەوە بزوتنەوەیەکی نەتەوەخواز پێی هەڵدەستێ.3

هەروەک ئێرنیست گێێلنەر Ernest Gellner دەڵێ '' نەتەوە و نەتەوایەتی لە بنچینەدا، دیاردەیەکی سیاسیە، دەبێت یەکەی سیاسی و یەکەی نەتەوە هاوتابن''.4 ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە یەکەی سیاسی واتە دەوڵەت، دەبێت نەتەوەیەکی هاوشوناس دروست بکات لە هەموو ئەو خەڵکانەی کە دەکەونە چوارچێوەی سنوورەکەی.

بەمانایەکیتر لەروانگەی مۆدێرنیزمەکانەوە نەتەوە بونەوەرێکی دروستکراوی مۆدێرنە واتە شتێکە ریشەی لە کۆندا نیە بەلکو بەرهەمێکی مۆدێرنە، شتێکە دەبێت لە ئێستا دروست بکرێت. ئەم دروستکردنەش وەک گوتمان دەبێت لەرێگای بزوتنەوەیەکی نەتەوەخوازی مۆدێرن، نەفی هەموو زمان و شێوەزار و کەلتوورە ناوچەییەکان بکرێت بۆ یەک زمانی فەرمی و یەک کەلتوور ئەوەش بێگومان لە رێگای بوونی دەولەت و دام و دەزگاکانیەوە دەبێت.5

---

1مینۆرسکی، الکرد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٠

2 ب. لیرخ ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣

3عرفان مستەفا، بوونی نەتەوەیی کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨، ل ٣٥٦

4 Ernest Gellner, Nation and Nationalism, Cornell university press, New York ,1983,p1

5محەمەد ڕەحمان ئەحمەد، بیردۆزەکانی گەشەپێدانی سیاسی، چاپخانەی کەلتوور، ٢٠٢٣، ل ٥٦

بۆیە زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بیانی تەنانەت سیاسیەکانیشیان لەسەر بنەمای ئەم بیروباوەڕەی مۆدێرنیزم کورد بە نەتەوە هەژمارناکەن بەمانا مۆدێرنەکەی بەلکو تەنها وەکو کەمینەیەکی ئیتنیکی ناو دەوڵەتێک هەژماری دەکەن کە دەبێت خۆی لەگەڵ زمان و کەلتوری فەرمی دەولەتی زاڵ بگونجێنێت و بە چەند مافێکی کەلتوری ناوچەیی رازیبێت، داوای مافی سیاسی و دەوڵەت و سەربەخۆیی نەتەوەیی نەکات.

هەر لەژێر کاریگەری ئەو تێگەیشتنە زاڵەی مۆدێرنیزم بۆ نەتەوە ، زۆربەی لێکۆڵەرەوان و ئەکادیمیستان و رۆشنبیر و سیاسیە کوردەکانیش باوەریان وایە هۆکاری دروست نەبوونی نەتەوەی کورد بەمانا مۆدێرنیزمەکە واتە دروستنەبوونی زمان و کەلتورێکی ستاندارد، نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بووە، ئەمە سەرەرای بەربەست دروستکردن و رێگری لەلایەن وولاتانی سەردەست کە کوردی بەسەردا دابەشکراوە.

بەڵام عرفان مستەفا لە پەرتووکی (بوونی نەتەوەیی کورد) بۆچوونێکی تەواو جیاواز دەخاتەڕوو . ئەو باس لە (بنەمای کوردبوون) دەکات . پێی وایە ئەم فرە زمانە ناوچەییە و ئەو فرە کەلتورە ناوچەییەی لە ناو کورددا هەیە، ئەمە بنەمای کورد بوونە، هیچ پەیوەندی بە نەبوونی دەوڵەت و دابەشکاری کوردستان و وولاتانی داگیرکەر نیە 1.

بەمانایەکیتر دەڵێ ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆشی بێت هەر ناتوانێ نەتەوە بەمانا مۆدێرنیزمەکە دروست بکات . هەر هەوڵێک لەم بارەیەوە بدرێت هەوڵێکی نەزۆک دەبێت و کێشەی لێ دەکەوێتەوە . هەر بۆیەشە تا ئێستا هیچ بزوتنەوەیەکی کوردی بزوتنەوەیەکی نەتەوەخوازی* نەبووە واتە نەیوێراوە بەپێچەوانەوەی بنەمای کوردبوون هەنگاو بنێت بۆ بە ستانداردکردنی زمان و کەلتور واتە زاڵکردن و سەراپاگیرکیردنی زمان و کەلتوری ناوچەیەک بەسەر گشت ناوچەیەکانی تر2.

بۆ سەلماندنی ئەم بنەمایەی کوردبوون کە کورد هەر بە سروشت نەتەوەیەکی مللی ناوچەگەرە و هەرگیز نابێتە نەتەوە بەمانا مۆدێرنیزمەکە دێت بەڵگەکاری دەکات، دەڵێت هەر لەسەردەمی ئاشوریەکانەوە دەولەتی ماد لە حەوت خێڵی ماددی سەربەخۆ پێکهاتبوون، هەرگیز نە قبوڵی ئەوەیان دەکرد زمان و کەلتوری داگیرکاری بیانی بەسەریاندا بسەپێت نە لە ناوخۆش قبوڵیان دەکرد لەنێو یەکتردا ئاوێتەببن و هاوزمان و هاوکەلتووربن وەکو ئاشوریەکان و فارسە هاخامەنشینەکان. واتە سیستەمی کۆگەل و هاوشوناسبوونی نەتەوەییان رەتدەکردەوە کە بریتیە لە زالبوونی خێڵێک بەسەر باقی خێڵەکانیتر. پاشان خێڵی زال زمان و کەلتوری خۆی بسەپێنێ و زمان و کەلتوری خێڵەکانیتر نەفی بکات.3

عرفان مستەفا پێیوایە نەتەوە بەمانا مۆدێرنیزمەکەش بەهەمان شێوەی کۆگەل دروست دەبێت، واتە دەبێت زمان و کەلتوری ناوچەیەک یا نەتەوەیەک لەرێگای بە ستانداردکردن زاڵبکرێت و بسەپێندرێت بەسەر باقی ئیتنیک و نەتەوە و ناوچەکانیتر، ئەمەش وەکو سیستەمی کۆگەل لەسەر بنەمای هێز و زاڵیەتیە . بەڵام بنەمای کوردبوون توانەوە و تێکەڵی قبوڵناکات چونکە بنەمای کوردبوون پەیرەوە لە یاسای (جیاوازی) دەکات نەک یاسای (هاوشوناسی) واتە لەناوبردنی هەموو جیاوازیەکان لەپێناو شوناسێکی نەتەوەیی یەکگرتوو4 .

دواتر دێت باس لە سەردەمی خەلافەتەکانی ئیسلامیش دەکات کە لەو سەردەمدا چەندین نەتەوە وەکو مسری و مەغریبی زۆرێک لە ولاتانی باکوری ئەفریقیا توانەوە لەنێو کەلتوری ئیسلامی و عەرەبی. بەڵام کوردەکان سەربەخۆیی زمان و کەلتوری خۆیان هەر پاراستبوو قبوڵی توانەوەیان نەبوو لەگەڵ زمان و کەلتوری عەرەبی مەزهەبی.5

---

1هەمان سەرچاوە، ل ٥٦٨

* بزووتنەوەی نەتەوەخوازی لەلای عیرفان مستەفا، بریتیە لە بزووتنەوەی ستانداردکردنی زمان و بەرهەمهێنانی کەلتوور هاوبەش، ئەویش لە ڕێگای سەپاندنی شێوەزارێکی دیاریکراو بەسەر هەموو شێوەزارەکانیتر و ، تواندنەوەی کەلتوورە لاوەکیە نەریتیەکان لەنێو کەلتوورێکی بەرهەمهێنراوی هاوبەشی مۆدێرن.

2هەمان سەرچاوە، ل٥٠٨

3هەمان سەرچاوە، ل٤٤٨

4هەمان سەرچاوە، ل٥٤٥- ٥٦٨

5هەمان سەرچاوە، ٥٣٣

تەنانەت لە ناوخۆشیاندا هیچ هێز و خێڵ و ئیمارەت و ناوچەیەک قبولی توانەوە و یەکگرتنی نەبوو لەگەڵ خێڵ و هۆزە کوردیەکانیتر. تەنانەت سەڵاحەدینی ئەیوبیش هیچ هەولێکی لەوجۆرەی نەداوە کە نەتەوەکەی زالبکات بەسەر ئەوانیتر چونکە سروشت و بنەمای کوردبوون وایە نە ئەوانیتر لەناوخۆیدا نەفی دەکات و دەتوێنێتەوە ، نە قبولیش دەکات لەناو ئەوانیتر نەفی بکرێت و بتوێتەوە .هەربۆیە لە قودسیشدا قبولی نەکرد هیچ لایەنێکی ئایینی خۆی بەسەر ئەوانیتر زالبکات و نەفی ئەوانیتر بکات بەلکو فرەیی لەنێودا بەرقەرارکرد1 .

لەسەردەمی نوێشدا لەناو دەولەتی تورکیا چەرکەسەکان لەناو زمان و کەلتوری ستانداردکراوی تورکی توانەوە . لە ئێرانیشدا ئازەریەکان لە ناو زمان و کەلتوری فارسی توانەوە بەڵام کورد لە هیچ یەک لەم وولاتانە قبولی توانەوەی نەکردووە و زمان و کەلتوری خۆی هەر پاراستووە، تەنانەت توانیویانە زمانە سروشتیەکەیان پەرە پێبدەن بکەنە زمانی خوێندنەوە و نوسین واتە کردوویانە بە زمانێکی مۆدێرن2.

لەلایەکیترەوە بزوتنەوەیە کوردیەکان لە هەموو پارچە جیاوازەکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بزوتنەوەی نەتەوەخواز نەبوون بە مانا مۆدێرنیزمەکە کە هەوڵی بە ستانداردکردنی زمان و کەلتورێک بدەن ئەمەش نەک لەبەرئەوەی داگیرکارەکان رێگربوون یان کورد دەولەتی خۆی نەبووە بەلکو ئەمە سروشت و بنەمای کوردبوونە کە رێگرە لەبەردەم ئەمە و سروشتی کۆمەلگای کوردی قبولی ئەم هاوزمانی و هاوکەلتووری و هاوشوناسیە ناکات بۆیە هیچ یەکێک لەم بزوتنەوانە هۆشیارانە بێت یان نا هۆشیارانە خۆیان لەم بابەتە نەداوە چونکە زانیویان هەولێکی نەزۆک دەبێ چونکە دژی سروشت و بنەمای کورد بوونە.3

تەنانەت حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە خاوەن دام و دەزگای رەسمی پەروەردە و خوێندنی باڵایە، سەرەرای چەندین هەوڵ و داواکاری بۆ ئەو مەبەستە بەڵام نەیوێراوە هەنگاوی جددی بنێت چونکە ترسی لە دروستبوونی کێشە هەبووە، دەزانێت کە هیچ ناوچەیەک قبوڵی پەراوێزخستنی زمانەکەی خۆی ناکات لەبەرامبەر زمانی ناوچەیەکیتر.4

بەکورتی عرفان مستەفا پێیوایە بنەمای کوردبوون پەیرەوە لە یاسای جیاوازی دەکات نەک یاسای هاوشوناسی . کورد نەتەوەێکی ناوازەیە لە جیهاندا نە نەتەوەیەکی خێڵەکی کۆنی کشتوکالیە نە دەشبێتە نەتەوەیەکی مۆدێرنیش بەمانا مۆدێرنیزمەکە . واتە کورد نەتەوەێکە دروست ناکرێت وەک نەتەوە مۆدێرنەکانیتر بەلکو تەنها بە سروشتی خۆی گەشەدەکات، ئەم گەشەکردنەش لەسەر بنەمای ئازادیە نەک زاڵیەتی .

ئەم بنەما و سروشتی کوردبوونەی کە عرفان باسی لێوەدەکات، بەو شێوەیە توندە نیە وەک ئەوەی کە شتەکە لە جینەتیکی کورددا هەبێت و شتێکی نەگۆڕ بێت لە بوونی کورد دا، وەک ناویناوە بنەمای (کوردبوون) گەر لەسەر ئەو بنەمایە نەبیت کورد نیت! کورد نەتەوەێکی کێویە ناتوانێ ببێتە شارستانی. کورد نەتەوەێکی ناوازە بێت لە دونیا. هەموو نەتەوەکانی دونیا بەم پرۆسەیەی بە ستاندارکردنی زمان و کەلتووری هاوبەشدا تێپەڕیون، ئەی بۆچی کورد ناتوانێت! بۆچی ئێمەی کورد دەتوانین فێری زمانی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، فارسی... ببین، ئەی بۆچی ناتوانین بۆنموونە فێری شێوەزاری کوردی سەروو* ببین کە ستانداردەکەی دیاربەکریە، گەر بکرێتە زمانێکی ستاندارد!

---

1هەمان سەرچاوە، ل ٥٤٠ - ٥٤١

2 هەمان سەرچاوە، ل ٤٧٤-٤٧٥

3هەمان سەرچاوە، ل ٥٦٨- ٥٦٩

4هەمان سەرچاوە، ٦٤٥-٦٤٨

* سەرەڕای فرەجۆری دابەشکاری بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی، زمانی کوردی بە گشتی لە چوار شێوەزاری سەرەکی پێکدێت: ١. ( کوردی سەروو- باکوور) {کرمانجی} پێدەگوترێ، وەک ( بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، بادینی، شەمزینانی)

٢. کوردی ناوەڕاست کە { سۆرانی} پێ دەگووترێ، وەک ( موکریانی، ئەردەلانی، سلێمانی، هەولێری، گەرمیانی)

٣. کوردی خواروو- باشوور، وەک{لور ، لەک ،کەلهوڕ، بەختیاری}.

٤. کوردی ڕۆژهەڵات وەک {هەورامی، زازاکی، شەبەک، گۆران، باجەلانی}.

**ئەمر فرەیی و خۆبەخۆییەی کورد دەرئەنجامی چیاییبوونی کورد و سەختی و دابڕانی ناوچە چیاییەکان و هەڵکەوتەی جوگرافیە، کە کەلتوور و ئەقڵیەت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکانی ڕەنگرێژکردووە. بەڵام ئەمە بابەتێکی پەیوەست بە ژینگە و بونیادی کۆمەڵایەتیە نەک سروشتی نەگۆڕی کورد، واتە دەکرێت ژینگە و بونیادە کۆمەڵایەتیەکان دەستکاری بکرێت و بگۆڕدریت وەک چۆن نەتەوەکانی دیکە کردوویانە.**

**بە گوزارشتێکی دیکە، لەگەڵ پرۆسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشاریبوون و تێکەڵاوبوون، هاتنەکایەی پەیوەندیە پیشەییەکان لە شوێنی پەیوەندیە نەریتی و خوێنیەکان، هاتنەکایەی دامەزراوە پەروەردەیی و سیاسیەکان، دەکرێت نەتەوەسازی بکرێت و نەتەوەیەکی مۆدێرنی هاوشوناس دروست بکرێت. بە کورتی ڕاستە تا ئێستا نەتواندراوە بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەرگیز ناتواندرێت و کارێکی ئەستەمر بێت.**

**٣-٢-٢ ئیرەیی و دووبەرەکی**

**ئیرەیی و ناکۆکی و دووبەرەکی حاشاهەڵنەگرترین ئاکاری کوردانە، بەجۆرێک وەک مۆرک و سیمای ئەقڵیەتی سیاسی کوردانی لێهاتووە و پێی دەناسرێتەوە. هەرچی ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسی بیانیە ئاماژەی بەو ئەدگار و ئاکارە نەرێنیەی کوردان کردووە، کوردانیش خۆیان باش درک بەو نەخۆشیە دەکەن کە هۆکاری لاوازی و پارچە پارچەیی جەستەی کوردە.**

**مارکۆ پۆڵۆ حەفت سەدە لەمەوبەر لە ساڵی ١٢٩٠، لە کتێبەکەیدا ئاوا باسی کوردان دەکات، چەند میرنشینێکن زۆر سەرسەختن، هەمیشە لەناوخۆدا بە گژیەکتردا دەچنەوە و لەگەڵ یەکتر بەشەڕدێن و یەکتر دەکوژن، تەنانەت لە پاشای خۆشیان ناترسن،1 دەبینین ناکۆکی دووبەرەکی کوردان ڕیشەیەکی چەند لەمێژینەی هەیە، شتێک نیە پەیوەست بێت بە بارودۆخێکی سیاسی دیارکراو، بەڵکو وەکو مۆرکێکی نەتەوەیی لێهاتووە. ئەمر دوو بەرەکیە و حساب نەکردنە بۆ یەکتر وایکردووە قەت نەتوانن لە دەوری سەرکردەیەکی نیشتیمانی کۆببنەوە، هەر پارچە پارچە و بە جیا هەر یەک لە شوێنی خۆی بەرگری لەخۆی کردووە.**

**شەرەفخانی بەدلیسی پێنج سەدە لەمەوبەر , لەسەدەی ١٦، بەمر جۆرە باسی ناکۆکی و دووبەرەکی کوردانی کردووە " کوردان ئەگەر ئاکارێکی ناپەسەندیان هەبێ هەر ئەوەندەیە: کەسیان سەر بۆ کەسیان ناچەمێنێ، بۆیەکتر نایەنە بەر کەمەند، هەر تاک تاک تەنها بیر لە سەربەخۆیی خۆیان دەکەنەوە، بە تێکڕایی بیر لە سەربڵندی تێکڕایان ناکەنەوە، پشتی یەکدی ناگرن و نابنە یەک". هەروەها شەرەفخان لەسەر زاری مێژوونووسی عوسمانی مەلا سەعدەدین دەڵێ " هەموو کوردێك بۆخۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و زۆرداری بەرزکردۆتەوە، لەناو ئەو شاخ و کێوانەدا بە سەربەستی دەژی. ئەگەر سەرنج بدەیە باری یەکانگیری و هاوبیری و هاوکاریانەوە، تەنها لە شەهادە و ئیماندا نەبێ لەیەک شتی تردا یەکتر ناگرنەوە".2**

**ئەحمەدی خانی لە (مەمر و زین) دا، بە دڵێکی پڕ لە خۆزگە و حەسرەتەوە باسی ئەو دووبەرەکی و یەکنەگرتنەی کوردان دەکات لە ناوخۆ، کاتێک دەڵێ:3**

**لەو پێگڤە هەمیشە بێ تفاقن**
**دایم بە تەمەڕود و شیقاقن**
**گەر دێ هەبوایە مە ئیتیحادەک**
**ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەیەک**
**ڕۆم و عەڕەب و عەجەمر تەمامی**
**هەمییان ژ مەڕا دکر غوڵامی**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**

---

**1 وەرگیراوە لە: فەرهاد پیربالٚ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣**
**2شەرەفخان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥-٢٦**
**3 ئەحمەدی خانی، مەمر و زین، چاپی دووەمر، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٥.**

تەحصیڵ دکر مە علم و حیکمەت

ڕیچ لە سەدەی ١٩ دەگێڕێتەوە کاتێک سەردانی بابانیەکانی کردووە، دەڵێ لە گفتوگۆیەک دەربارەی بنەماڵەکانی کورد، یەکێك لە ئامادەبووان گووتی، ''رقەبەری نێوان میرەکانمان خۆیان، خۆیان لەناو دەبات، ئەگەر نا نە تورک نە ئێرانی ناتوانن بەسەرماندا زاڵبن، ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان بنەماڵەکانمان نەقۆزنەوە. ئێمە ئەوە باش دەزانین، کەچی سەرەڕای ئەوەش تورکەکان هەمیشە بەمر فێڵەنا بە یەکێکیتر بەسەرماندا زاڵ دەبن، بەڕاستی ئێمەی کورد درەنگ تێدەگەین''.1

دەگێرنەوە ڕۆژێک رکن الدولە بوەیهی کە دامەزرێنەری دەولەتی بوەیهی بووە لە (٢٨٤ بۆ ٣٦٦ی کۆچی)، چەند بارگیرێکی دەستی بەسەرداگیرابوو لەلایەن کوردەکانەوە، کاتێک هەواڵی پێدەدەن تا هێزێک بنێرێت بۆ وەرگرتنەوەیان لە کوردەکان چونکە هێشتا زۆر دوور نەکەوتبوونەوە، ئەویش هیچ خۆی تێکنادا، دەڵێ بارگیرەکان چەند بوون، دەڵێن شەش، ئەی دەڵێ ژمارەی کوردەکان چەند بوون، دەڵێن، حەفت، دەڵێ لێیانگەڕێن ئێستا لەنێوان خۆیان دەبێتە شەڕ و ناکۆکی و لەیەکتر دەکوژن، پاشان بارگیرەکان بە خۆیان دێنەوە.2

مەیجەر نوئێل لە سەرەتای سەدەی ٢٠ ، جەخت لەسەر دووبەرەکی و شەڕ و ناکۆکی عەشایەری نێوان کوردەکان دەکاتەوە وەکو هۆکارێک دەبینێت بۆ ئەو دۆخە خراپ و ناهەموارەی کە کوردەکان تێیدانە.3 مێجەر سۆن* بەهەمان شێوە دەڵێ کوردەکان ئازا و بەجەرگن، کەس ناتوانێ زەفەریان پیبات، مل بۆ کەس کەچ ناکەن، ئەوە نەبێ کە لەنێوان خۆیاندا ناکۆکن.4 هێی دەڵێ کوردەکان سیفەتێکی زۆر سەیریان هەیە، کە شکاندنی شکۆی براکەیەتی.5

گەر سەرنج بدەین، بە درێژایی مێژوو زەقترین ئاکار کە کوردی پێ ناسرابێتەوە ململانێ و ناکۆکی و چەند بەرەکی ناوخۆییە، ئەمەش هەمر لەلایەن خودی کوردەکان خۆیان، هەمر لەلایەن دراوسیکان و گەریدە بیانیەکان و ڕۆژهەڵاتناسان جەختی لەسەر کراوەتەوە. ئەوەی سەیرە ئەوسا و ئێستاش کوردان باش دەزانن کە هۆکاری لاوازی و شکست و نەهامەتیەکانیان بریتیە لە نا یەکگرتوویی و ململانێی ناوخۆیی، کەچی هەر یەکیش ناگرن و پەرتەوازەن، هەر خەریکی ملشکاندنی یەکترن.

٤-٢-٢ سۆز و هەڵچوون

زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسان کە سەرنجی ڕەفتاری کوردانیان داوە، تێبینی ئەوەیان کردووە کە کوردان نەتەوەێکن سۆزەکینە و زووهەڵدەچن، تەنانەت لەسەر هەندێک شتی زۆر سادە گەر بە دڵیان نەبێ یان ناکۆکبێ لەگەڵ بۆچوونیان ڕەنگە شتێکی گەورە بقەومێنن، دواتریش زوو پەشیمان دەبنەوە. گەر دەروونناسیانە لەو ڕەفتار و ئاکارەی کوردان بڕوانین، ئەمر دۆخی گەرمبوون و زوو هەڵچوونە دۆخێکی نا ئەقڵانیە، چونکە لە دۆخی گەرمبووندا مرۆڤ کۆنترۆڵی بەسەر ژێریدا لە دەست دەدات، ئەمر زوو هەڵچوون و زوو گەرمبوونەش نیشانەی سۆزەکی بوونە، لەبەرئەوەی تەنها مرۆڤە سۆزەکیەکانن کە زوو دەکەونە ژێر کاریگەری ڕووداو و شتەکانی دەورووبەریان و یەکسەر کاردانەوەی نا ئەقڵانیان بۆی دەبێ.

مینۆرسکی لەسەر زاری سۆن دەیگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان چەند کوردێک لەسەر شوێنی هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ دەبێتە مشتومڕیان، ئارامر ناگرن تا ئەستێرەکە هەڵبێت و پرسەکەیان بۆ یەکلایی ببێتەوە، پاشان ئەوەی هەڵەی کردووە ددان بنێت بە هەڵەکەی خۆی، بەڵکو تا ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵدێت، دەبێتە شەڕیان، دوو سێیەکیان لە خوێندا گەوزاندن. هەروەها مینۆرسکی دەڵێ ڕۆژێک بە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتین پیاوێک دانیشتبوو گۆرانی دەگووت و گاجووتەکەشی لەوێ وەستابوو، پاشان هەستا گاجووتە لێ بخوڕێ، وویستی بەخێرایی لێی بخوڕێ بەڵام گاجووتەکە هێواش ڕۆیشت، یەکسەر کابرا

1 ، ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠
2زرار صدیق تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨
3مەیجەر نوئێل، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١
* حاکمی سلێمانی بوو، لەسەردەمی داگیرکاری بەریتانیا
4 بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢
5 هی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧

کوردەکە تووڕەبوو، هەستا بەردێکی گەورەی هەڵگرت لە نێوچەوانی گاجووتەکەیدا، بەڵام پاش کەمێکیتر پەشیمان بوویەوە و بۆی دەگریا.1

ڕیچ لەسەر زاری عومەر ئاغای بابانی هەندێک شتی سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەر زوو هەڵچوونی کوردان بەتایبەتی خۆشناوەکان، دەڵێ هەرچەندە سەریان بچێ نوێژیان ناچێ لە مزگەوت، کەچی زۆرجار لەنێو مزگەوت بەشەردێن لەیەکتر دەکوژن و خوێن دەرێژن، هەروەها دەڵێ جارێکیان لەسەر سەگێک بووەتە شەڕیان ٧٠ کەسیان لەیەکتر کوشتووە. لە هەمووی سەیرتر باسی ئاغایەک دەکات، دەڵێ ڕۆژێکیان مێشێک وازی لێنەدەهێنا، تا لەسەر چاوی نیشتەوە، ئەویش زۆر تووڕەبوو، خەنجەرەکەی دەرهێنا و لەچاوی خۆیدا، چاوی کوێرەبوو، خەریکبوو بمرێ.2

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە، کە تووڕە دەبن حساب بۆ پیرۆزیەکانی خۆشیان ناکەن، لەسەر شتی زۆر سادە و بێ مانا بۆ یەکتر دانابن و سازش ناکەن تا شتی گەورە دەقەومێنن، هەروەک چۆن ئێستاش دەبینین و گوێمان لێ دەبێت لەسەر فوول لایت، لەسەر شەڕی منداڵان، لەسەر کیلۆیەک شت یان شتیتری زۆر بێ مانا کوشتن ڕوودەدات و دووژمنداری گەورەی لێ کەوتۆتەوە. کێشەکە لەوەدایە مرۆڤێکی ئارام نین، یەکسەر کاردانەوەمان بەرامبەر شتەکان دەبێت خۆرسکانە، بەبێ ئەوەی بتوانین بواری بیرکردنەوە بە خۆمان بدەین. بێگومان ئەمەش کاریگەری بۆماوەیی ئەو ژینگە و ژیانە سەختەیە کە تیایدا هەڵقولاوین.

مەیجەر نوئێل بەم شێوەیە باسی ئاکار و ئەدگاری کوردان دەکات کە دەڵی زۆر ڕووخۆشن، ئازان و زۆر زووش هەڵدەچن.3 بەهەمان شێوە ویگرام-ی ڕۆژهەلاتناسیش کە ماوەیەکی زۆر لە کوردستاندا ژیاوە، بەم شێوەیە ئامۆژگاری هەموو بیانیەکان دەکات کە بە نیازن سەردانی کوردستان بکەن و لە کورد بکۆڵنەوە، دەڵێ زۆر زوو هەڵدەچن، بۆیە هەرگیز بەجۆرێک قسە مەکەن کە ببێتە هۆی تووڕەبوون و وروژاندنیان، لە هەمانکاتیشدا دەڵی نەتەوەیێکی زۆر ڕووخۆش و قسەخۆشن، زۆر حەزیان بە نوکتە و قسەی خۆشە، ئەمە پاسپۆرتی چوونە نێو کوردانە.4 فریزەر-یش لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان، بەهەمان شێوە جەختی لەوە کردۆتەوە، کە کوردان زوو هەڵدەچن و ئارەزوویان بەلای شەڕدا هەیە، بەتایبەتی لەنێو خێڵەکیە ڕەوەندەکان.5 هێی دەڵێ کوردان میزاجێکی باکووریانەی زۆر تونديان هەیە، زۆر زوو هەڵدەچن، دەتوانرێ دەتوانرێ لەناکاو تا ئەوپەڕی ڕادە بوروژێندرێن.6

گەر سەنج بدەین جەختی لەسەر دوو شت کراوەتەوە، یەک قسەخۆشی، دوو زوو هەڵچوون، ڕەنگە ئەم دوو ئاکارە و ئەدگارە لە ڕووکەشدا دژیەک ببیندرێت بەڵام هەردووکیان لە یەک شت سەرچاوە دەگرن ئەویش سۆزەکی بوونە، سۆزەکی بوون وەک دۆخێکی نا ئەقڵانی. مرۆڤی سۆزەکی، قسەی خۆش زۆر کاریگەری لەسەر دروست دەکات، مرۆڤێکی ئەقڵانی و جێگیر نیە، بە قسەی خۆش بڕیارەکانی دەگۆڕێت، هەڵدەخەڵەتێت، بە پێچەوانەوەش بە قسەی ناخۆش زوو هەڵدەچێت، بە کورتی جۆر و شێوازی قسە زۆر کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و بڕیاردانیان دەکات، چونکە لە بڕیاردان لەژێر کاریگەری سۆزن.

بەڵام مرۆڤی ژیر و ئەقڵانی، هێمنە و لەسەرخۆیە، بێ دەنگە، قسە فڕێنادات، دەزانێ چی دەوێت، قسە و بابەتە سۆزەکیەکان کاریگەری لەسەر دروست ناکەن، زوو هەڵناچێت، ئامانج و ستراتیجیەتی خۆی هەیە، ڕێگا نادات هەڵچوونە کاتیەکان و بابەتە سۆزەکیەکان لەسەر ڕێگای ستراتیجی لایدەین و ئامانجەکانی بشوێوێنن. لەم سۆنگەیەوە دەبینین کە مرۆڤی کورد زۆر خۆشباوەڕ و سۆزەکی بووە، تەنانەت سەرکردە و سیاسیەکانیشیان، زۆرجار لەسەر بنەمای سۆزەکی بڕیاریانداوە،لەلایەن دووژمنەوە لەخشتەبراون لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا.

1 مینۆرسکی، کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٩-١٥٠
2 ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨
3 نوئێل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢
4 بەدرخان سندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨-٢٩
5 هەمان سەرچاوە، ل ٤٩٥
6 هی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥-٦٦

**٥-٢-٢ شانازی و نمایش و خۆهەڵکێشی**

ئەمە پرس و بابەتێکی گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگەیەک، چونکە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر پەروەردە دەکرێت و پێدەگەیێندرێت. ئایا تاکەکانی کۆمەڵگە چ شتێک بە لایانەوە جێی گرنگیدان و بایەخە، شانازی بە چ شتێکی خۆیانەوە دەکەن و نمایشی دەکەن و پێی دەنازن. ئایا شانازی بە دەوڵەت و نەتەوەکەت دەکەیت یان خێڵ و بنەماڵە و ناوچەکەت، شانازی بە دەستکەوتە خودیەکانت دەکەیت یان شتە بۆماوەییەکانت، شانازی بە بەدەستهێنانی بەها مۆدێرنەکان و ڕۆشنبیریەوە دەکەیت یان پابەندبوونت بە بەها نەریتیەکان و دەمارگیریت، گرنگیدان و شانازیکردن بە بڕوانامە و پێنووس یان چەک هەڵگرتن. بایەخدان بە کرۆک یان نمایشی بێ ناوەڕۆک و ڕووکەشگەرا.

تاکی خێڵەکی هەمیشە حەزی بە خۆ ڕازاندنەوە و خۆ دەرخستن و نمایشە، جا چ بە جلوبەرگ و پۆشاکەوەبێت، یان نانبدەیی و میوانداری، یان چەک بە شاندانان و چەک هەڵگرتن(لە کۆندا خەنجەر و قەرەبینا و ڕم، لە ئێستاشدا چەکی مۆدێرن، پێی خۆشە ئامباڵای لە فیشەک زەردبچێتەوە و خۆی پێبابدات) یان لە کۆندا ئەسپی نایاب و ئەسپسواری، لە ئێستاشدا ماشێنی بەرز و گرانبەها. هەمیشە حەزی لێیە ناو و ناوبانگ پەیدابکات و زۆرترین ژمارەی خەڵک بناسێت و بە ئازا و جەنگاوەر ناو دەربکات.1 (مینۆرسکی) لەم بارەیەوە دەڵێ لاوی کورد هەر بۆ خۆشی و ڕابواردن لە ڕۆژێکدا دوو سەت فیشەک دەتەقێنن، ئەمەش لە سەرۆکەکانیانەوە فێربوون، چونکە ئەم جۆرە ئاکارە جەنگاوەرانەیە لەلایان شانازیە.2 (برۆنەسن) باس لەوە دەکات، کاتێک عەباسی سەرۆکهۆزی دووریکان دەمرێت و محەمەدی کوڕە گەورەی دەبێتە جێنشینی، محەمەد ناو و ناوبانگێکی ئێجگار گەورە بۆ خۆی پەیدادەکات لە ناوچەی جەزیرەی سەروو(باکوری خۆرهەڵاتی سوریا) لەنێوان گشت هۆزە کورد و عەرەبەکاندا، ئەویش لە ڕێگای ئەو ئاهەنگ و بانگهێشتە مەزن و گەورانەی نانخواردن کە وێنەی نەبوو لە ناوچەکە، لە ڕۆژێکدا سەدان مەڕی سەر دەبڕی، تا لە هەموو شوێنێک دەنگبداتەوە، بە جوامێری و نانبدەیی و دەستودڵ واڵایی، ڕێزی لەلایەن گشت سەرۆک هۆزەکانی کورد و عەرەب پەیداکردبوو لە ناوچەکە. هەروەها ٤٠* ژنی هێنابوو لە پێناو وەچە خستنەوەی زۆر و ناوبانگ دەرکردن لەرووی زۆری ژمارەوە. دیارە ئەم بانگهێشتە گەورانە و زۆری ژمارەی ژن و نەوەکانی، لەدوای خۆی نەوەکانی شانازیان پێوەکردووە و گێڕاویانەتەوە.3

شانازیکردن بە باوباپیران یەکێکە لە ئاکارەکانی خێلەکی. تاکی خێڵەکی هەمیشە لە دیوەخان و دانشتنەکاندا باسی سەرگوزەشتە و ئازایەتی باوباپیرانی دەکات و وەکو داستانی نەبەردی و قارەمانی دەیگێڕێتەوە، تاوەکو خۆی پێهەڵبکێشێت و بڵێ من نەوەی ئەو پیاوە گەورە و قارەمانانەم. هەمیشە هەولدەدات لاسایی باوباپیرانی بکاتەوە و وەکو ئەوان بێت، تا پێی بڵێن کوڕی باوکی خۆیەتی، هەمیشە حەزیان بە گردبوونەوە و قەرەباڵغیە، زۆر کەیف خۆش دەبن کە دیوەخانیان جمەی بێت لە میوان و بتوانن لە ڕۆژێکدا نانی زۆرترین میوان بدەن، لەکاتی میوانداریش باشترین شتەکان پێشکەش دەکەن لە پێناو سەرسامکردنی میوانان، بەتایبەتی گەر میوانەکە بیانی بێت. زۆر بەلایانەوە مایەی شانازیە کە زۆرترین دۆستیان لە کاربەدەستانی دەوڵەت هەبێت و پەیوەندیەکی باشیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سیاسی هەبێت،ئیتر ئەم دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی نەتەوەییە، یان داگیرکارەو دژ بە نەتەوەکەیەتی کێشەیەکی ئەوتۆ نیە لایان، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە ڕێز لە دەسەڵاتی خێڵەکی ئەوان بگرێت و دانی پێدابنێت. 4

هەروەها ئەم شانازیکردنە زۆرجار بۆ خۆ جیاکردنەوەیە لە ئەوانیتر، خۆ بە ڕەسەندانان و خەڵکی دیکەش بە نارەسەن. بۆ ئەمەش (ڕیچ) دەیگێڕێتەوە، کە جارێک (مەحمود پاشا) پێیگووتوە ( تورکەکان بێ ئەوەی لەیەکمان جیابکەنەوە، بە

---

1محەمەد فەریق حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣

2مینۆرسکی، کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦

* لەسەر نەریت و یاسای ئیسلامی ٤٠ ژنی هێناوە، واتە هیچ کات لە ٤ دانەی زیاتر نەبووە، بەڵکو دوای تەلاقدانی یەکێکیان، یەکسەر دانەیەکی تری هێناوەتەوە.

3 برۆنەسن، بەرگی یەکەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٩

4محەمەد فەریق حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

هەمووەمان دەڵێن کورد، ئێمە زۆر جیاوازین لەگەڵ ئەم لادێییە گەمژانە).1 لێرەدا مەحمود پاشای بابان زۆری پێناخۆشبووە، کە تورکەکان یان هەر کەسێکی دیکە، بە یەک چاو سەیری هەرچی کوردە بکات، خێڵەکیەکانی زۆر بەرزتر و ڕەسەنزادەتر بینیوە لە جوتیار و گوندنشینەکان. بەمەش دیارە کە مرۆڤی خێڵەکی هەمیشە حەزی بە خۆجیاکردنەوە و خۆبەڕەسەن دانانە، ئارەزووی یەکگرتن و تێکەڵی و توانەوەی نیە، زۆر شانازی بە نەریت و ڕەسەنایەتی خێل و بنەماڵەکەی خۆیەوە دەکات، لەهەمان کاتیشدا سوکایەتی بە نەریت و ئاکاری خێڵ و ناوچەکانی دیکە دەکات.
بەگشتی تاکی خێڵەکی، تاکێکی ڕووکەشباز و نمایشکارە، حەزی بە سەرسامکردنی ئەوانیترە، حەزی بەناوبانگ و ناو دەرکردنە، حەزی لە پیاهەلدانە، دەیەوێ لە هەموو شوێنێک باسی پیاوەتی و گەورەیی بکرێت. حەزی بە گردبوونەوە و قەرەباڵغی و نمایشی بە کۆمەڵە تا هەست بە هێز و دەسەڵات بکات و پیشانی ئەوانیتری بدات، حەزی بە دیوەخان و میوانداری و براگەورایەتیە، زۆر گرنگی بە چەندیەتی و زۆری ژمارەی ئەندامان دەدەن، جا چ ئەندامانی خێزان و بنەماڵە بێت، یاخود خێڵ و عەشیرەت، یان حزبی سیاسی بێت، چونکە چێژ لە نمایشکردنیان دەبینن وەکو هێزێک.

## دەرئەنجام

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەوە گەیشتین کە نەتەوەیی کورد، کۆمەڵێک ئاکار و تایبەتمەندی تایبەت خۆی هەبووە، زۆر جیابووە لە نەتەوەکانی دەوروبەری. زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکانیش جەختیان لەسەر کردۆتەوە، ئەمەش بەڵگەی سەربەخۆیی و ڕەسەنایەتی کوردان دەردەخات. لە هاتنەکایەی ئەو تایبەتمەندیانەشدا، ژینگەی چیایی ڕۆڵێکی ئێجگار زۆری تێداهەبووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کورد چیانشین بووە و لە چیاکان دانەبڕاوە، چیا شوناس و ناسنامەی نەتەوەی کورد بووە. کوردان لە بنچینەدا نەتەوەیەکی ڕەوەندبوونە و، لەسەر سیستەمێکی خێڵەکی توند ژیاون، ئەم خێڵەکی بوونەش، کۆمەڵێک تایبەتمەندی بە کوردان بەخشیوە، کوردان ناوبانگیان دەکردبوو بە ئازادیەتی و جەنگاوەری و ڕێگری، ڕێگری لای کوردان شانازی و ئازایەتی بووە نەک شانکورتی و نەنگی. کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆخوازبووە بەڵام زیاتر وەک خێڵ و عەشیرەت چونکە هەستی خۆبەخۆخوازی و ئیرەیی و ناکۆکی ناوخۆیی و کەلـلەڕەقی بەربەست بووە لەبەردەم سازشکردن بەرامبەر یەکتر لە پێناو یەکڕیزی و سەربەخۆیی سەرتاپاگیری نەتەوەیی بەرامبەر دووژمنانیان.

## لیستی سەرچاوەکان

**بەزمانی کوردی**
- ئیسکندەر، شەمسی محەمەد ، مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمر، و. شوکر مستەفا، وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ١٩٩٨
-ئەحمەد، محەمەد ڕەحمان، بیردۆزەکانی گەشەپێدانی سیاسی، چاپخانەی کەلتوور، ٢٠٢٣
-بەدلیسی، شەرەفخانی ، شەرەفنامە، و. هەژار، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦
-برۆنەسن، مارتن ڤان ، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، و. کوردۆ، بەرگی یەکەمر ، ١٩٩٩
-برێنمان، ڕۆبێرت ڵ. ، بەهێز مینا چیاکان، و. عەبدوڵا عەبدوڵا، چاپخانەی مێخەک،٢٠٢٢
- تۆفیق، زرار سدیق ، کۆمەڵگەی کوردەواری لە سەدەکانی ناوەڕاست، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤
- ڕیچ، کلۆدیۆس جەیمس ، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان، و. محەمەد حەمە باقی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٢
- زینەفۆن، گەشتەکەی زینەفۆن، و. محمد مسعود محمد، چاپی دووەمر، چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠١٢
- پیربال، فەرهاد ، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠٠٦

1ڕیچ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠

- سندی، بەدرخان ، کۆمەڵگەی کوردەواری لە دیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، و. ئیسماعیل ئیبراهیم، چاپخانەی خانی – دهۆک، ٢٠٠٨

- سۆن، مێجەر ، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و. نەجاتی عەبدوڵا، بنکەی ژین، سلێمانی ، ٢٠٠٧

- حەسەن، محەمەد فەریق ، مینتەڵیتی خێڵ، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨

- عەبدوڵا، کامەران عەزیز، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە کوردیەکان لە سەردەمی عەباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢

- فرەیزەر، گەشتەکەی فرەیزەر بۆ کوردستان و میزۆپۆتامیا، و. ئومێد ئاشنا، سلێمانی، ١٩٩٦

- خانی، ئەحمەدی ، مەم و زین، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٨

- میخایلۆڤیچ، دیاکۆنۆڤ ئیگەر ، مێژووی میدیا، و. پێشەوا خالید، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١

- مینۆرسکی، ڤلادیمیر ، کورد، و.حەمە کریم، ١٩٨٤

- مینۆرسکی، ڤلادیمیر ، بنچینەکانی کورد و چەند ووتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عەبدوڵا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ک)، ٢٠٠٧

- نوئێل، میجەر ، یاداشتەکانی میجەر نوئێل لە کوردستان، و. حسين احمد جاف و حسين عسمان، ١٩٨٤

- هیوود، ولیەم ، سەفەرنامەی ولیەم هیوود بۆ کوردستان ساڵی ١٨١٧، و. نەجاتی عەبدوڵا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢

-هێی، دەبڵیو. ئاڕ، دووساڵ لە کوردستان ، و لوقمان باپیر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠١٦

**بە زمانی عەڕەبی**

- ب ليرخ، دراسات حول الاكراد، ت. عبدي حاجي، منشورات مكتبة خاني، ١٩٩٤

- باسيل نيكتين، الكرد، صلاح برواري، من منشورات مجلة اسو، ١٩٩٢

- محمود بايزيدي، رِسالة في عادات الاكراد و تقاليدهم، ت. جان دوست،هيئة ابوظبي للثقافة والنشرات، ٢٠١٠

- كاظم حيدر، الاكراد من هم والى اين؟، منشورات فكر الحر، بيروت، ١٩٥٩

**بە زمانی ئینگلیزی**

-Gellner, Ernest, Nation and Nationalism, Cornell university press, New York ,1983

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# الخصائص القبلية للشخصية الكوردية
## (دراسة التآريخية)


| |
|---|
| محمد رحمان احمد |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق |
| البريد الالكتروني: mohammed.rahman.a@su.edu.krd |
| أ. م. د. امين فرج شرف |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق |
| البريد الالكتروني: amin.sharif@su.edu.krd |



### الملخص

أولى المستشرقون أهمية كبيرة للشخصية الكوردية، وانبهروا بسلوكيات وأفعال هذا الشعب، لاعتقادهم بأنهم شعب قديم وأصيل في تلك المنطقة، وسكان أصليون لسلسلة جبال زاغروس وطوروس. وغالباً ما حاروا في الشخصية الكوردية وأصابهم الارتباك، لأنهم رأوا في الكوردي في نفس الوقت صفات جيدة وسيئة، إيجابية وسلبية: فهو مضياف وفي نفس الوقت قاطع طريق، عاطفي وفي نفس الوقت وحشي ومحارب، وطني وخائن، يطمح للاستقلال وفي نفس الوقت يرضى بالخضوع للأجنبي... إلخ، وكل ذلك يمكن إرجاعه إلى تأثير العادات والتقاليد القبلية، التي جعلت الشخصية الكوردية الفردية تعاني نوعاً من التناقض.


الكلمات المفتاحية : الكورد، الجبال ، القبلية، العقلية ، المستشرقة

# The Tribal characteristics of Kurdish Personality
## (A Historical Study)


| |
|---|
| **Mohammed Rahman Ahmed** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **Email:** mohammed.rahman.a@su.edu.krd |
| **Assist. Prof. Dr. Amin Faraj Sharif** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq** |
| **Email: amin.sharif@su.edu.krd** |



## ABSTRACT

**Orientalists have shown significant interest in Kurdish identity, expressing fascination with the people's characteristics and behaviors. They believed the Kurds to be an ancient and indigenous population of the Zagros and Taurus Mountain ranges. Often, these scholars were perplexed by Kurdish identity, experiencing moments of confusion because they observed simultaneously contradictory traits within the same people: hospitable yet bandit-like, emotional yet fierce warriors, patriotic yet potentially**

**treacherous, independence-seeking yet accepting of foreign domination. These seemingly paradoxical characteristics can be attributed to the influence of tribal customs and traditions, which have created a complex and paradox individual Kurdish personality.**

**Keywords: kurd, mountains, Tribalism, mentality, orientalism**